دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٨١٨، یەکشەممە ١٥ی ڕەشەممەی ١٤٠٠ی هەتاوی، ٦ی مارسی ٢٠٢٢

www.kurdistanmedia.com



## پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی

**زمان شادەماری نەتەوەیە**

زمانمان گرنگترین ناسنامەمانە، بۆیە کۆماری ئیسلامی پێشی خوێندنی منداڵانمان بە زمانی دایکی دەگرێت تا بە خەیاڵی خۆی لە زمان و کەلتووری خۆیدا بمانتوێنێتەوە. بەڵام سەدان مامۆستای نیشتمانپەروەر بە تێکۆشانی خۆیان نەیانهێشتووە ئەو خەونەی ڕێژیم بێتە دی و نرخەکەشیان داوە. ڕۆژی زمانی دایکی پیرۆز بێت لەو مامۆستایانە و قوتابییە وریاکانیان و هەموو خەمخۆرانی زمانی کوردی.

مستەفا هیجری

ای ڕەشەممەی ١٤٠٠ی هەتاوی



کۆبوونەوەی تەشکیلاتی لێپرسراوی گشتیی حیزب ٤


رووسیای پاش‌سۆڤییەت ٦


دواهەوڵەکان بۆ بەرجام و کاریگەریی شەڕی ئۆکراینا ٨


دیمانەی کوردستان ١٠


# دۆڕاوی دووسەر دۆڕاو



بە بڕیاری ڤلادیمێر پووتین سەرکۆماری ڕووسیە، سەرلەبەیانی ڕۆژی ٥ی ڕەشەمە هێرش و پەلاماری سەربازی بۆ سەر خاکی ئۆکراینا دەستی پێکرد و بەمشێوەیە کۆتایی بە قۆناخێ کی مشتومڕی نێوان ڕۆژاوا و دەوڵەتی ڕووسیا و ململانێی چەند ساڵەی نێوان ڕووسیا و ڕۆژاوا هات و قۆناخێکی دیکەی دەست پێ کرد.

بەپێی زانیارییە پێوەندیدارەکان ئەم هێرشە لەڕێگەی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕووس بۆ سەر چەندین شاری ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا و هەروەها مووشەکهاوێژی و دابەزاندنی هێزی زەوینی لە کەناراوە باشورییەکانی ئۆکراینا و هێرشی سایبێری مۆسکۆ بۆ سەر ژێرخانە ئابووری و ئیدارییەکانی ئۆکراینا دەستی پێکرد.

لە یەکەم کاردانەوەکانیشدا ئۆلاف شوڵتز سەرۆکوەزیرانی ئاڵمان ئەم کردارەی ڕووسیەی مەحکوم کرد و وەک پێشێلکردنی بەرچاوی یاسا نێونەتەوەییەکان ناوی لێ برد و وتی: ئەمە ڕۆژی تاریکیی ئورووپایە!

هەروەها بۆریس جانسۆن سەرۆکوەزیرانی بریتانیا وێڕای مەحکومکردنی هێرش بۆ سەر ئۆکراین ڕایگەیاند پوتین بەم کارەی بێ هیچ هۆکارێک ڕێگەی خوێنڕشتن و کاولکاری هەڵبژاردووە و بەدڵنیاییەوە ئێمە و هاوپەیمانەکانمان وڵامیکی گونجاو بەم هێرشانە دەدەینەوە.

هاوکات باڵوێزی وڵاتانی ئەندام لە پەیمانی ئاتلانتیکی باکور ناسراو بە ناتۆش کە یەکێک بووە لە بیانووەکانی کرێملین بۆ هێرشەکان، دانیشتنی بەپەلەیان ڕێک خست.

دواجاریش لە ١١ی ڕەشەمەدا و هاوکات لەگەڵ حەوتەمین ڕۆژی پەلامارەکانی ڕوسیا بۆ سەر خاکی ئۆکڕاینا، کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دانیشتنێکی بەپەلەیان ڕێک خست و بە زۆرینەی دەنگ کە بریتی بوو لە ١٤١ دەنگی ئەرێنی لەبەرامبەر ٥ دەنگی نەرێنی (کە بریتی بوون لە ڕووسیا، کۆریای باکور، بێلاڕووس، ئێریترە و سووریە) ئەم کردارەی ڕووسیایان مەحکوم کرد. لەم نێوانەدا وڵاتانی ئێران و چین و هێند و ئیماراتیش دەنگی بێلایەنیان دا!

بەگشتی ئەوەیکە تاکوو ئێستە دەبیندرێ سازبوونی جۆرێک لە جەمسەربەندی لە نێوان وڵاتانی جیهانە؛ لەلایەکەوە وڵاتانی ڕۆژاوایی و لەلایەکی ترەوە ڕووسیە و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی! کە هەندێ لە شڕۆڤەکان وەک شەڕی دێموکراسیش ناوی لێ دەبەن کە تێیدا ئۆکڕاینا شەڕ بۆ بەرگری لە دێموکراسی دەکات. بەڵام لەم نێوانەدا جێگەی ئێران چی دەبێ و دۆخەکە بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات؟ و هەروەها ئێمەی کورد لە کوێی هاوکێشەکانداین و دەبێ چی بکەین؟

پێش لەوەیکە وڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە سیستەمی زاڵ بەسەر ڕووسیای ئێستە نمونەی ئەو حکومەتانەیە کە ڕۆژگارێک بۆخۆیان زلهێزی جیهانی بوون و دواتر بە هۆکاری جۆراوجۆر لاواز بوون بۆیە یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانیان بۆ مانەوە و ژیان هەوڵدانە بۆ گەڕانەوە بۆ ڕابردووی پڕشکۆیەک کە لە خەیاڵیاندا وێنایان کردووە؛

بەواتایەکی ڕوونتر پوتین دەیهەوێ ڕووسیە بگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتدارێتی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو و تەنانەت پێش لەویش بۆ سەردەمی ڕووسیای تێزاری و خولیای ئەو ژێئۆپۆلیتیکە لە مێشکیدایە. بەتایبەتی کە لە ئێستەدا لەگەڵ کۆمەڵێک قەیرانی ئابووری و سیاسی و ڕەوایی نێوخۆیی بەرەوڕووە.

ئەوەیکە ڕوونە کۆماری ئیسلامی کە هەموو کات خۆی بە شەریک و هاوپەیمانێکی نیزیکی ڕووسیا داناوە، ئەگەرچی بەشێوەی فەرمی لاگیرییان لە هەڵوێستی پووتین نەکردووە بەڵام بە کردار سەلماندوویانە کە ناتوانن دژایەتیشی بکەن کە خودی ئەم شێوە سیاسەت کردنە پێمان دەڵێ ئێران لە کام بەرەدا جێی گرتووە! بەتایبەت کاتێک ئانالیزی هەڵوێست و لێدوانەکانی کەسێکی وەک خامنەیی دەکەین کە دەڵێ ئەم شەڕە ئاکامی سیاسەتە هەڵەکانی ڕۆژاوا و بەتایبەت ئامریکایە دەری دەخات کە، ئەگەر تەنانەت بیشیانهەوێ، ناتوانن دان بە ڕاستییەکاندا بنێن و پەلاماری ڕووسیا مەحکوم بکەن؛ بەتایبەت کە لە ئێستەدا ڕەوتی دانیشتنەکانی زیندووکردنەوەی بەرجام بە ئاقارێکدا نارِوات کە خواستی ئیسراییلی لەسەر بێ و ئەو باوەڕە لای ئیسراییلییەکان بوونی هەیە کە نابێت ئیزنی ئەوە بە ئێران بدرێت پێشدەستی لێبکات کەواتە تاران زۆر لەوە لاوازترە کە بیهەوێ هەڵوێستێکی ڕوون بنوێنێ و وەک هەمیشە بەوهۆیەوە کە بووەتە بوکەڵەیەک یان کارتێک بە دەستی مۆسکۆوە دەبێ جۆرێک هەنگاو بنێ کە لە کاتە هەستیارەکاندا پشتگیری ڕووسیا لە کیس نەدات! بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە ئەم سیاسەتەی تارانیش لە درێژەی سیاسەتە هەڵەکانی ڕابردووی نەتەنیا ناتوانێ ببێتە مایەی پارێزگاریکردن لەو دەسەڵاتە بەڵکوو بە خوێندنەوەیەکی سەرەپێیی لە پێوەندییەکانی ڕابردووی دوو وڵات بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە تاران بە هەڵەدا دەچێت و جارێکی تر سەلماندوویەتەوە کە دۆڕاوی دووسەر دۆڕاوە!

لەمبارەوە، واتە سەبارەت بە ڕووسیە کە پێشتر لای سەرانی تاران نوێنەری دژەخوداکان (!) بوو و ئێستە بووەتە وڵاتی دۆستی ئێران(!)ی ئیسلامی دە خاڵی گرینگ بوونیان هەیە کە دەکرێ مرۆڤ بیریان لێ بکاتەوە و بیانوروژێنێت:

١. ڕووسیە تاکوو ئێستە هیچ کات ئێرانی وەک هاوپەیمانی ستراتێژیکی خۆی لە قەڵەم نەداوە

٢. ڕووسیە هەموو کات ئێرانی وەک ئامرازێک بەکار هێناوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی خۆی لەگەڵ ئامریکا

٣. ڕووسیە لە بواری نەوت و گاز ڕکەبەرێکی سەرسەختی ئێرانە و دژی گواستنەوەی گازی ئێران بۆ ئورووپایە، چونکە ئەوێ بە بازاڕی فەرمی خۆی دەزانێ

٤. ڕووسیە لە شۆڕای ئەمنیەتدا چەندین جار دژی بەرنامەی ناوکی ئێران دەنگی داوە و هەندێ لە بڕیارنامەکانیش بە پێشنیاری ڕووسیە دەرکراون

٥. ڕووسیە بەپێچەوانەی ئیددیعای تاران دژی ڕەوتی خێرای پیتاندنی ئۆرانیوم لەلایەن تارانەوەیە و ئێرانی خاوەن زانستی ناوکی بە قازانجی خۆی نابینی

٦. لە سەردەمی شەڕی ٨ ساڵەدا شۆڕەوی پێشوو یەکێک لە پشتیوانانی عێراق بوو

٧. ڕووسیە حەزی لەوەیە کە لە بواری سەربازییەوە ئێران پاشکۆی خۆی بێت چونکە ئەو چەکوچۆڵانەی کە بە ئێرانیان دەفرۆشێ توانیوەتی داهاتێکی گونجاو بۆ مۆسکۆ بە دیاری بێنێت

٨. بەپێچەوانەی تاران، مۆسکۆ دژ بە ئیسرائیل نییە و لەمبارەوە ناتوانێ هاوتەرازی تاران بێت

٩. تا ئێستە ڕووسیە ئامادە نەبوو مووشەکی S٤٠٠ بە ئێران بفرۆشێت بەڵام ئەم جۆرە لە چەکی بە وڵاتانێکی وەک هێند و تورکیە فرۆشتووە

١٠.سیستمە پێشکەوتووە بەرگریکارانەکانی ڕووسیە لە سوریە لە تەواوی ئەم ساڵانەدا کە ئیسراییل هێرشی کردووەتە سەر بنکە و بارەگاکانی تاران لە سووریەدا تەنیا چاولێکەر بووە و هیچ کردارێکی لە قازانجی تاران ئەنجام نەداوە؛ تەنانەت لە هیچ شوێنێکدا هێرشەکانی ئیسراییل بۆسەر ئێران لەلایەن مۆسکۆوە ئیدانە نەکراوە!

لایەنێکی تری ئەم باسە کە دەکرێ لێرەدا هێمای بۆ بکەین ئەوەیە کە ئابووریی جیهان بەم شەڕانە تووشی هەڵاوسان دەبێ و گرانی و هەژاری زیاتر لە ئێران و وڵاتانی لەحاڵی شەڕدا پەرە دەستێنێ و ناڕەزایەتییە خەڵکییەکان زیاتر و زیاتر دەبن؛ واتە ئێرانی شێواو و خاوەن ئابووریی شپرزە دەبێتە گۆڕەپانی ململانێی هێزە دژبەیەکەکان .

ئەوەیکە لێرەدا بۆ ئێمەی کورد زیاتر دەبێتە ڕۆژەڤ و دەبێ تەکوزی لەسەر بکەین لەڕاستیدا هەڵوێستی وشیارانەمانە لەبەرامبەر ڕووداو و پێشهاتەکان تاکوو بتوانین لەم ئاوە لیڵە بە قازانجی خۆمان ماسی بگرین و هەلەکان بە خوێندنەوەی دروستی ڕووداوەکان بقۆزینەوە؛ پێشمەرجی سەرکەوتنیشمان لەم گێژاوەدا کە بەدڵنیاییەوە لە داهاتوودا بۆ ئێران درووست دەبێ بریتییە لە وەلانانی کێشە و گرفتەکان و هەوڵدان بۆ یەکڕیزترکردنی خەبات و بەهێزترکردنی شار کە چەقی خەباتی ڕۆژهەڵاتە.

## پەیڤ

### هێزی چەک یان هێزی خەڵک!

**کەریم پەرویزی**

ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ی هەتاوی چەند مانگ دوای گەڕانەوەی بەشێك لە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ نێوخۆی وڵات و چالاکیی نهێنی و ڕێکخستنی لە نێو کۆمەڵگادا، دوای ئەوەی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی دەسەڵاتی ملهوڕی پاشایەتی سەرکەوت، لە کۆبوونەوەیەکی بەرینی جەماوەریدا ڕێبەری نەتەوەیی کورد، دوکتور قاسملووی نەمر مزگێنیی بەردەوامیی خەباتی گەل بۆ گەیشتن بە مافەکانی دا و ڕایگەیاند لێرە بەدواوە ئەم چالاکی و تێکۆشان و گیانفیداییە بە ئاشکرا بەڕێوە دەچێ و ڕۆژی مێژوویی ١١ی ڕەشەمە بوو بە ڕۆژی پەیمان نوێکردنەوەی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان بۆ دەستەوملان بوون تا گەیشتن بە هەواری بەرزی ئازادی.

ئەو ڕۆژە بە دەیان هەزار کەس لە گۆڕەپانێکی مەهاباد، هەمان شوێن کە کۆماری کوردستانی تێدا دامەزرا بوو کۆبوونەوە. دەسەڵاتی ملهوڕی پاشایەتی کە سەردەمێك ڕایدەگەیاند کە ئەرتەشەکەی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ژاندارمی ناوچەکەیە و نەزم و ئەمنیەتی دەسکردی خۆیان دەسەپێنن بە سەر ناوچەدا، لێك هەڵوەشایەوە و شا هەڵهات! لە مەهابادیش کۆبوونەوەی سەد هەزار کەسی بۆ پێشوازی لە درێژەدرانی ڕێبازی کۆمار بەڕێوە چوو!

لەم ڕۆژانەدا ئەرتەشی ڕووسیە بە هەموو جۆرە چەکێکی باڵستیك و بە فڕۆکە و بە درۆن و ئەوەی هەیەتی و نیەتی هێرشی کردۆتە سەر ئۆکراینای دراوسێی! لەم شەڕە نابەرامبەردا ڕووسیەی دووهەمین ئەرتەشی بەهێزی جیهان وای دانابوو کە لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا پێتەختی ئۆکراینا دەگرێ، بەڵام زیاتر لە ١٠ ڕۆژە هەر لە دوورەوە چاو لە پێتەختەکە دەکا و بە مووشەك و بۆمب بەسەر شارەکانی ئۆکراینادا نەهامەتی دەبارێنێ، لەولاشەوە ئەرتەشی ئۆکراینا و خەڵك بە کەمترین ئیمکانات و هەندێ جاریش بە دەستی بەتاڵ بەرەوڕووی تانکی ڕووسی دەبنەوە. لەم شەڕە نابەرامبەردا ڕەنگە ڕووسیە بتوانێ بە هێزی نیزامی بڕواتە نێو کییڤی پێتەختیش، بەڵام بۆ هەتاهەتایە لە دڵ و دەروونی خەڵکی ئۆکراینا دەر کراوە و دوژمنایەتییەکی هەتاهەتایی بۆ خۆی کڕی.

ئەوەی کە خۆڕاگری لە ئۆکراینا بەهێز دەکا نەك مووشەکی بالستیك یان ناوکییە، بەڵکوو ئیرادەی نەتەوەیەکە بۆ بەرخۆدان

درێژە لە لاپەڕەی ٣

## بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی دوو دەورەی کادریی دەرەجە سێ





دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە درێژەی کار و چالاکییەکانیدا، کۆتاییهاتنی دوو خولی نوێی کادریی ڕاگەیاند کە تایبەت بوو بە پەروەردەی کادری دەرەجە سێ.

گرینگیی پەروەردە و پێگەیاندنی کادر و هەروەها گرینگیی ئاشناکردنیان بە ڕوانگە و ڕەهەندەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەمان ئەو زەروورەتەیە کە دەخوازێ خولەکانی ڕاهێنان و پەروەردەکردنیان بە شێوەی ئەمڕۆیی بەردەوام بێت.

بە سەرنجدان بە قۆناغی نوێی خەباتەکەمان کە وەک خەباتێکی فرەڕەهەند دەناسرێتەوە، دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکرات بە گوێرەی بەرنامەی درێژخایەن و ئامانجداری خۆی، لە چوارچێوەی بواری پەروەردەییدا، خولێکی نوێی کادریی بە سەرکەوتوویی بە ئەنجام گەیاند.

ناوەڕۆکی وانەکان بە شێوەیەک بووە کە وەڵامدەر و گونجاو بێت لەگەڵ هەلومەرجی نوێی قۆناغی ڕاسان.

لەم ڕووشەوە دەزگای پەروەردە بە پێویستی زانیوە کە ناونیشان و ناوەڕۆکی وانەکان، لەگەڵ زەروورەت و دۆخی ئەم قۆناغە نوێیە لە خەبات یەک بگرێتەوە؛ بە تایبەت کە جەختی لە سەر ئاشناکردنی بەشداربووانی خولەکە بە بەشێک لەو پرس و مژارە فکری و سیاسییانە بووە کە بتوانێ ڕوانگەی نوێ بە کادرەکان بدات تاکوو لە خوێندنەوە و لێکدانەوەی پرسە هەستیارەکانی پەیوەست بە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات، بەرچاوڕوونیی زیاتریان هەبێت و هەوڵی خۆپێگەیاندنی زیاتر بدەن.

دەورەکان بە شێوەی خوارەوە بەڕێوە چووە:

خولی یەکەم لە ڕێکەوتی ١٩ی خەزەڵوەری ١٤٠٠ی هەتاوی دەستی پێکرد و لە ڕێکەوتی ١ی بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی کۆتایی پێهات.

خولی دووهەم لە ڕێکەوتی ٢٠ی بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی دەستی پێکرد و لە ڕێکەوتی ٧ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ی هەتاو کۆتایی پێهات.

بەپێی بەرنامەی کاری خولەکان بۆ چەند وانەیەك تاقیکاری بەڕێوەچووە و لە ئاکامدا چەند بەشداربوو لە هەر دەورە، پلەکانی یەکەم تا سێهەمییان بەدەست هێناوە:

خولی یەکەم:

نەفەری یەکەم، ئۆمید عەبدی ـ نەفەراتی دووهەم، بەختیار عوسمانی و دیاکۆ مەسعوودی ـ نەفەری سێهەم، سلێمان ئە حمەدی

خولی دووهەم:

نەفەری یەکەم، سیروان جوقلان ـ نەفەری دووهەم، مەسعوود ئەفشاری ـ نەفەری سێهەم، سەلاح دەشتی

## هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی دایکی «کۆسرەت ڕەسووڵ» بەشداریی کرد




ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١١ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی «حەسەن شەرەفی» جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزب لە گوندی «شیواشۆک» سەر بە قەزای کۆیە لە کوردستانی باشوور، بەشداریی ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی خاتوو «زبێدە سەعید ئۆمەر» دایکی «کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی» کرد.

شاندی حیزب، پرسە و سەرەخۆشیی حیزبیان گەیاندە «دەرباز کۆسرەت ڕەسووڵ» کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و کوڕی «کۆسرەت ڕەسووڵ» و هاوخەمییان لەگەڵ بنەماڵەی ناوبراو دەربڕی.

لە ڕێوڕەسمەکەدا بەرپرسانی حیزبی و حکوومیی هەرێمی کوردستان بەشدار بوون.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ شاندێکی حیزبی دیمۆکرات لە مزگەوتی سەواف لە شاری هەولێر بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی پرسەی ناوبراو کرد.

## هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنفڕانسی هاوبەشی زانکۆکانی ڕاپەڕین و کۆیەدا بەشداریی کرد

سەرلەبەیانیی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٤ی ڕەشەمە، هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستیی «محەممەدنەزیف قادری» جێگری دووەمی لێپرسراوی گشتیی حیزب لە کۆنفڕانسی هاوبەشی زانکۆکانی «ڕاپەڕین و کۆیە» لەسەر بانگهێشتی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەو کۆنفڕانسە بەشداریی کرد.

ئەو کۆنفڕانسە لەژێر ناوی «هەقە لە سێبەری مێژوودا» بە هاوبەشیی زانکۆکانی «ڕاپەڕین و کۆیە» لە شاری کۆیە بە دروشمی «ڕاستگۆیی و برایەتی» و بە بەشداریی کۆمەڵێکی زۆر لە مامۆستایانی زانکۆ، کەسایەتییەکانی بزووتنەوەی هەقە، لایەنە سیاسییەکان و نوێنەرانی کۆنسولگەرییەکان و مامۆستایانی ئایینی و پەیڕەوانی بزووتنەوەی هەقە و کۆمەڵێک کەسایەتیی ئاکادێمیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هاتووە.




سەرەتای کۆنفڕانسەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد.

پاشان لەلایەن پڕۆفیسۆر «وەلی» سەرۆکی زانکۆی کۆیە، بەخێرهاتنی بەشداربووان کرا.

سەرەتا پڕۆفیسۆر «وەلی» لە وتارەکەیدا وێڕای ئاماژەدان بە ئامانج لە پێکهاتنی کۆنفڕانسەکە، لایەنی ئایینی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و بانگەوازی خەباتی ئاشتیخوازانەی بزووتنەوەی هەقە و بەشداریی پەیڕەوانی ئەو بزووتنەوەیە لە خەباتی نیشتمانیی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشووردا باس کرد.

لە درێژەدا پەیامی وەزیری خوێندنی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان خوێندرایەوە و دواتریش چەندین پەیام و گوتاری مێژوویی و ئایینی بە زمانەکانی کوردی و ئینگلیزی پێشکەش کرا.

لەو کۆنفڕانسەدا شاندی حیزب لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتی لەسەر باس و بابەت و پرسە سیاسییەکان چاوپێکەوتن و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

## بەڕێوەچوونی پێشانگایەکی وێنەگری لە کەمپی جێژنیکان




پێشانگایەکی وێنە لەژێر ناوی «مەشقی پۆرترە» لە وێنەگریی چەندین پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و بە سەرپەرستیی «کەیوان فاتحی» لە جێژنیکان بەڕێوە چوو.

ئەو پێشانگایە لەلایەن «ڕۆمینا شێخانی» کچێکی شەهید «لوقمان شێخانی» بە ڕووی بەشداربوواندا کرایەوە.وێنەکانی ئەو پێشانگایە لە قاڵبی پۆرترەی «سینگڵ شات»دایە.

وێنەگرانی ئەو پێشانگایە بریتی بوون لە: «ساحل خادمی، ستار ئیبراهیمی، سینا قاسمی زادە، وریا تەوەسوولی، ئاژوان شاکری، کامبیز مام ئەحمەدی، ئەسعەد عوبەیدی و هاوژین سەیفی».

ئەو پیشانگایە پێشتر لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چووبوو.

«پۆرترە» وێنەیەکە لە ڕووخساری کەسێک کە وێنەگر لەو وێنەیەدا کەسایەتی و ماهییەتی تاک پیشان دەدات. لە «پۆرترە» داهێنانی وێنەگر زۆر گرینگە تا وێنەیەکی باش بگرێت.

## چالاکیی تەبلیغی

**تێکۆشەرانی دێموکرات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەر جارەو و بە بیانوویەکەوە چالاکی تەبلیغی ئەنجام دەدەن و لەڕاستای بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەکەیان تێدەکۆشن. ئەمەی بەردەستتان بەشێک لەو چالاکییانەن:**

### بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی لە شنۆ چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو

ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری شنۆ بەبۆنەی ڕۆژی زمانی دایکی چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و ئەو ڕۆژەیان پیرۆز نرخاند.

تێکۆشەرانی دێموکرات بایەخێکی گەورەیان بە زمانی دایکی داوە و لەسەر دیوار نووسیویانە: ‹‹کەسێک کە نەزانێت بە زمانی دایکی بنووسێت، نەخوێندەوارە››.

ئەو چالاکییە لە حاڵێکدا بەڕێوە چووە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ لەناوبردن و تواندنەوەی نەتەوەی کورد ئاسمیلەکردنی زمان و ناسنامەی نەتەوایەتیی نەتەوەی کوردی وەکوو یەکێک لە ڕێگاکانی گەیشتن بە ئامانجە دژە مرۆییەکانی خۆی گرتووەتە بەر.

زمانی کوردی بووەتە هۆی سیمبولی ژیانەوە و خەبات و تێکۆشان و پارێزگاریکردنی نەتەوەی کورد لە ئاسمیلەبوون، هەر بۆیە ڕێژیمی ئێران بەردەوام ئەو کەسانەی لەوبارەوە چالاکی دەکەن، ڕاپێچی بەندیخانەکان کردووە.

### بۆکان؛ ئەندامانی حیزبی دێموکرات لەسەر گڵکۆی شەهیدان پەیمانی وەفادارییان نوێ کردەوە

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری بۆکان سەردانی گڵکۆی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستانیان کرد و بۆ جارێکی دیکە پەیمانی وەفادارییان نوێ کردەوە.

ئەندامانی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات چوونەتە سەر گڵکۆی شەهید «سەدیق کەدخودا›› ناسراو بە «سەرهەنگ» و بە دانانی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، لەسەر درێژەدانی ڕێبازی شەهیدان جەختیان کردووەتەوە.

شەهید «سەدیق» کوڕی مام «ئیبراهیم کەدخودا»یە و لە ئاوایی «گۆکتەپە»ی قەرەمووسالی لەدایک بووە، پاش شەهیدکرانی هەر لە زێدەکەی بە خاکی پیرۆزی کوردستان ئەسپێردراوە.

### بۆکان؛ پێشمەرگەکانی شار ئاڵای کوردستانیان هەڵ کرد

پێشمەرگەکانی شار بۆ پشتیوانی لە خەباتی شاخ لە ناوچەی «چۆمی مەجیدخان»ی بۆکان ئاڵایەکی گەورەی کوردستانیان هەڵ کرد و لەگەڵ حیزبی دێموکرات پەیمانیان نوێ کردەوە و ئامادەیی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی هەر چەشنە چالاکییەک نیشان دا.

هەروەها پێشمەرگەکانی شار لە ئاوایی «پیروەلی باغی» سەر بە شاری بۆکان سەردانی گڵکۆی پیرۆزی شەهیدان «محەممەد ئیبراهیم ئۆف»، «عەلی قەرەڵی»، «سمایل خورشیدی»، «محەممەد قولەری» و «سمایل عەزیزپوور»یان کردووە و گڵکۆکانیان بە جامانە و ئاڵای کوردستان ڕازاندووەتەوە و بەڵێنییان دووپات کردووەتەوە کە هەتا ڕزگاری و سەرکەوتنی یەکجاری دەست لە خەبات هەڵناگرن.

### سەقز؛ بۆ پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگە چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سەقز لە گوندی «مەلقەرەنی» بە بڵاوکردنەوەی وێنە و تراکتی تایبەت، پشتیوانییان لە هێزی پێشمەرگە کرد.

ئەو چالاکییە بووەتە هۆی ئەوەیکە هێزەکانی ئیتلاعات بڕژێنە نێو ئەو گوندە و گوندەکە میلیتاریزە بکەن.

هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات ئامادەیی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی هەرجۆرە ئەرکێکی حیزب ڕاگەیاندووە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شار و گوندەکانی کوردستانی بەردەوام چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە دەبەن و پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات و پێشمەرگە دەکەن.

### لە شاری «شنۆ» و شارەدێی «نێ» چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بۆ پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگە و پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان، لە شاری «شنۆ» و شارەدێی «نێ» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندی «گرکاشان» سەر بە شنۆ بۆ پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لەو چالاکییەدا ئاڵای کوردستان هەڵ کرا و دروشمی حیزبی نووسراوە.

لەو پێوەندییەدا ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شارەدێی «نێ» بۆ پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان سەردانی گۆڕستانی ئەو گوندەیان کردووە و وەک ڕێزلێنانێک بۆ ئەندامانی کۆچکردووی حیزبی دێموکرات ئاڵای کوردستانیان لەسەر گڵکۆی ئەو شەهیدانە داناوە.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لەو چالاکییەدا پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکرات دووپات کردووەتەوە و بەڵێنییان داوە کە درێژەدەری ڕێبازی شەهیدان دەبن.

### درێژەی پەیف

و هەر ئەو ئیرادەی نەتەوەییەش بۆ دەربازبوون لە ژێردەستی و چاولەدەستیی ڕووسیە بوو کە ڕووسیەی نیگەران کرد و هێرشی نیزامیی کردە سەریان.

ئۆکراینێك کە لە باری کەلتووری و مێژووییەوە لەگەڵ ڕووسیە زۆر نزیك و تێکەڵاو بووە، گەیشت بەو ڕادەیە کە خۆی لە ڕووسیە دەرباز بکا و سەربەخۆیی سیاسیی خۆی لە دانیشتن لە پەنا دەستی ڕووسیە پێ باشتر بوو. دەربازبوون لە ژێردەستی ئیرادەی نەتەوەیی دەویست و خۆڕاگری لەبەرامبەر دووهەم ئەرتەشی گەورەی جیهاندا بەو ئیرادەوە بەڕێوە دەچێ.

کە ئەم سەربوردەیە چاو لێدەکەی، دووبارە دەگەڕێینەوە گۆڕەپانەکەی مەهاباد و کۆبوونەوەکەی دوکتور قاسملوو لەگەڵ نەتەوەی کورد کە هەم دەیەویست لە ژێردەستی ڕزگاری بێ و هەم چەند مانگ دواتر لەبەرامبەر فەرمانی جەهادی خومینیدا خۆڕاگرییەکی بێوێنەی کرد. مێژوو سەلماندوویەتی و دەیسەلمێنێتەوە هەرچەند چەك بۆ پاراستنی خۆت و دیفاع لە بوونت پێویستە بەڵام ئەوەی شەڕەکان و وەرزە مێژووییەکان یەکلا دەکاتەوە ئیرادەی نەتەوەییە بۆ خۆسەلماندن و پێداگری لەسەر بوون و کەرامەتی مرۆیی و نەتەوەیی.

# مستەفا هیجری:

## ئێستا بۆ ئێمەی کورد سەردەم سەردەمی یەکگرتنە بە هەموو کێشە و جیاوازییەکان کە هەمانە زەمانی یەکگرتنە، یەکگرتن لەسەر خاڵە هاوبەشەکان

**ڕێکەوتی ٥ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ی هەتاوی بەڕێز لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە کۆبوونەوەیەکی سیاسی – تەشکیلاتیدا کە بۆ بەشێک لە کادرەکانی حیزب پێکی هێنابوو، پرژایە سەر کۆمەڵێک بابەتی پێوەندیدار بە ئێران، کوردستان و حیزب. لەبەر گرینگی باسەکە لێرەدا چەند بەشێک لە وتەکانی بەڕێزیان دەخەینە بەر چاوی خوێنەرانی کوردستان**




سڵاوێکی گەرمتان لێ بێت هاوڕێیانی بەڕێز؛ خۆشحاڵم بەوەیکە دوای ماوەیەکی زۆر دیسان مەجالێکمان پێک هێنا بۆ ئەوەیکە پێکەوە لەدەوری یەک دانیشین لە پێوەندی لەگەڵ هێندێک باس و بابەتی ڕۆژ کە لە ئێران و لە دەورووبەری خۆمان لە ئارادایە قسەوباس بکەین، بەڵام چوونکە ئاڵوگۆڕەکان و هەواڵەکان یەکجار زۆر و بەرفراوانن بێگومان کاتی ئەوەمان نابێت کە بەسەر هەموویاندا بڕۆین و باس بکەین، بۆیە هەوڵ دەدەم لەو کۆبوونەوەیەدا زۆرتر بابەتەکان چڕ بکەمەوە لەسەر ئەو بابەتانەی کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە ئێمە وەکوو کوردی ڕۆژهەڵات و هەروەها بە ئێرانەوە هەیە. لەپێشدا باسێکی کورت لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ئێستای ئێران، لەباری ئابوورییەوە، لە باری ڕەوایی ئایینی و سیاسییەوە لە نێوخۆی وڵاتدا و هەروەها لە دنیای ئەمڕۆدا؛ دواتر باسی بووژاندنەوەی بەرجامە کە ئێستا خۆتان دەزانن ماوەی چەندین مانگە باسی گەرموگوڕی دنیایە و خەریکە ڕۆژەکانی کۆتایی خۆی تێدەپەڕێنێت و ئەگەری ئەوەیکە بە ئاکام بگات زۆرە، لەوێدا باس دەکەین کە ئەو ئاڵوگۆڕە ئەگەر بێتە پێشەوە کاریگەرییەکانی لەسەر خەڵکی ئێران و لەسەر کۆماری ئیسلامی چۆن دەبێت. باسێکی کورتیشمان دەبێت لە پێوەندی لەگەڵ وەزعییەتی عێراق لەوبارەوە کە ئێمە مەرکەزییەتەکەمان لە خاکی عێراقدا هەڵکەوتووە، بەداخەوە، بۆیە هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە کاریگەری نەرێنی یان ئەرێنی دابنێ لەو پێوەندییەدا ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لەسەر دۆخی ئێمەیش شوێندانەر دەبێ بۆیە زۆر بە کورتیش بەسەر ئەو باسەش دێمەوە.

بەڵام لە هەمووان گرینگتر ئەوەیکە عەرزم کردن مەسەلەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، دۆخی ئێران و ئەوەیکە ئێران ئێستا بە چ قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت ئەوە مەسەلەیەکی زۆر گرینگە کە ئێمە دەبێت باسی لە سەر بکەین. ئەو باسە کە ئێمە هەمانە، دۆخێک کە ئێستا لە ئێراندا هەیە لەڕاستیدا درێژەی ئەو سیاسەتانەیە کە کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی یەکەمەوە گرتوویەتە بەر و هەتا هاتووەتە پێش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئەو سیاسەتە کاریگەری خۆی داناوە لە پێوەندی لەگەڵ وەزعی ئابووری، وەزعی ژیانی خەڵک، نارەزایەتییەکان و ئەو سیاسەتی پڕ کێشە و ئاژاوەگێڕییەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا هەیەتی ڕەنگدانەوەی چۆن بووە لە نێو دراوسێکان و لە نێو جیهاندا. هەرچەند ئەمە باسێکی تازە نییە بەڵام ئەوەیکە من لێرەدا دەمهەوێ ئاماژەیان پێبکەم ئاکامی ئەو پرۆسەیەیە کە ئێستا هاتووە:

لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی ئابووریدا، هەمووتان دەزانن کە وەزعی خەڵکی ئێران لە چ ئاستێکدایە! خراپترین دۆخ لە ماوەی چلوچەند ساڵی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا تێدەپەڕێت. بێگومان ئەوەش ئاکامی سیاسەتی هەڵەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵات، بوونی گەندەڵی و دیاریکردنی بەرپرسانی حکوومەتی نە لەڕووی شایستەیی و لێهاتووییەوە بەڵکوو لەو ڕووەوە کە چەندە بەستراوە بە ڕێژیمن و چەندە ملکەچی بڕیارەکانی ڕێژیمن پێک دێت. لەوانەش گرینگتر بیروبۆچوون و لێکدانەوە و جیهانبینی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە کە لەگەڵ دنیای ئەمڕۆدا بە تەواوی ناتەبایە. ئەو عەقڵییەت و بەرنامەیەی ئەوان کە لە جەوهەری ئایینییەکەیانەوە سەرچاوە دەگرێت هی ئەم سەردەمە نییە کە بتوانێت لە ڕێگاچارە بۆ گیروگرفتەکان بیڵێتەوە بەڵام لەلایەکی دیکە بەش بەحاڵی خۆم لەو باوەڕەدام کە بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەیکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕووی بەرنامەوە کارێکی وا دەکات کە خەڵک هەژار بن و بەرەو هەژاری زیاتر بچن؛ هۆکارەکەی ئەوەیە کە لە بنەڕەتڕا شۆڕشەکان و ئاڵوگۆڕەکان لە ڕێگای چینی مامناوەندەوە لە هەموو کۆمەڵگایەک دێنە پێشێ. چینی هەژار ڕەنگە شۆڕش بکات، ئەوەیکە هێندێک پێی دەڵێن شۆڕشی برسییەکان، بتوانێت تەنانەت حکوومەتیش بگۆڕێت بەڵام ناتوانێت ئاڵوگۆڕ پێک بێنێت.

ئێمە ئەگەر چاو لە وڵاتەکانی دەورووبەری خۆمان بکەین ئەوە دەبینین، هەر لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کە نموونەی هەرە نیزیکیان عێراقە، لە عێراقدا لەگەڵ ئەوەیکە خەڵکەکە ناڕازی بوو بەڵام بە زۆری هێزی بێگانەکان دەڕووخا بەڵام چوونکە چینی مامناوەند زۆر لاواز ببوو نەیانتوانی حکوومەتێک پێک بێنن کە خەڵک بە ئامانجەکانی خۆی بگات؛ لە سووریە هەر بەو شکڵەیە کە دەیبینن؛ لە ئێرانی زەمانی شاشدا هەر بەو شێوازە بوو، لە زەمانی شادا ڕاستە کە کرێکارانی نەوت لە دوایین قۆناغدا مانیان گرت و زەربەیەکی قورسی ئابوورییان لە حکوومەتدا بەڵام ئەوەیکە شۆڕشەکەی هەڵدەسووڕاند چینی مامناوەند، مامۆستاکان، مامۆستای قوتابخانەکان، مامۆستای زانکۆکان و خوێندکارەکان بوون.

جا بۆیە من پێم وایە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەپێی ئەو ناسیاوییە کە لەم پرسە هەیەتی هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە کارێکی وای کردووە کە توێژی مامناوەند لە کۆمەڵگادا لاواز و لاوازتر بێت یانی کارێکی وەها بکات کە ئەو توێژی مامناوەندە یان پێوەند بدرێتەوە ڕێژیم و بە حکوومەت، دەستی ئاوەڵا بێتەوە لە دزی و گەندەڵی و هەموو ئەو شتانەی کە ئێستا دەیکەن و بێتە توێژی باڵادەست. هێندێکیشیان لە چینی مامناوەند کە زۆربەیانن، وردەوردە هەرچی هەیانە لە دەستی دەدەن و پەیوەست دەبن بە هەژارەکان. ئەگەر زۆر نەگەڕێمەوە پێشتر لانیکەم لە ساڵی ڕابردوودا دەیبینین کە هەژارەکان ئێستا بەشێکی زۆریان لە ئێراندا ڕێپێوان و دروشم و مانگرتنەکانیان لە ئێراندا بەڕێوە بردووە کە بەشی هەرەزۆری داخوازەکانیان لە واقیعدا داوای نانە، مامۆستایان، کارمەندان، خانەنشینکراوەکان، ماڵخوراوەکان، هەموویان داوا دەکەن کە موچەیان بدەنێ، چونکە برسییانە و لەم نێوانەشدا ژمارەیەکیان دروشمی سیاسی دژی ڕێژیم دەدەن و هێشتا ئەوانە نەبوونەتە زۆربەی ئەو دروشمانەی کە دەبێت خەڵکەکە بیدات.

ڕێژیم بۆ وەهای کردووە؟ لە بەر ئەوەیکە خەڵکەکە ئەوەندە نیازمەند بێت و ئەوەندە پێویستیی بە نان بێت کە زۆر بیر لە ئازادی و گۆڕینی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی و دامودەزگاکانی نەکاتەوە؛ بەڵام ئەو ڕەوتە ئەوەندە درێژەی کێشاوە کە ئێستا تەنانەت هەژارەکانیش گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت حکوومەت بگۆڕدرێت، بێجگە لەوە ڕێگایەکی دیکەی نییە و ئەگەر لە سەرەتادا ژمارەیەکی کەم لە خەڵک دروشمی سیاسییان دەدا ئێستا وردە وردە ئەوە زیاتر دەبێت.

هێرەمی دەسەڵاتی ڕێژیم کە لە ساڵانی ڕابردوودا زۆرتر یەکپارچە و یەکگرتوو خۆی دەنواند ئێستا لانیکەم لە ماوەی یەک ساڵ تا ساڵ و نیوی ڕابردوودا دەبینین کە کەلێنی تێکەوتووە، درزی تێکەوتووە بە چەشنێک کە ئەوانەی کە بۆ خۆیان بەشێکن لە دەسەڵاتدارەکان ئەوانە هاواریان لێ هەستاوە.

ئێمەچۆن دەزانین ئەوانە هاواریان لێ هەستاوە؟

زۆرتر بەو بەرنامە نهێنییانەی کە هەیانە لە کۆبوونەوەکانیان باسی دەکەن، زەبت کراون دوایی دەردەکەون دەبینین کە ئەوانیش ناڕازین و لە نێو کۆبوونەوەی خۆیاندا باسی ئەوە دەکەن کە خەڵک گەیشتووەتە کۆتاشوێنەکان و مەترسی ڕوخان دەکەن. ئەوە دیاردەیەکی تازەیە!

هاوڕێیان ئەوەیکە عەرزم کردن خەڵک هەژار بووە، فەقیر بووە و ئەوانە شتێکن کە لەمێژە هەن، بەڵام ئەم دیاردەیە کە لە نێو بەرپرسانی پلەبەرزدا نائۆمیدی خەریکە ڕوویان تێدەکات، ئەوە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبێت و بەتایبەت کە دەڵێین کەلێنیان تێکەوتووە چوونکە هەر لە نێو خۆیاندا ئەو نهێنییانە ئاشکرا دەبن و لە نێو خەڵکدا بڵاو دەبنەوە.

ئەگەر ئێمە بەوردی سەیری هەواڵەکان بکەین، لە هەواڵی ڕۆژانەدا هەمووی ئەو شتانە دەبینین؛ مەسەلەن من چەند نموونەتان بۆ باس دەکەم بۆ ئەوەیکە بەباشی لە مەسەلەکە تێبگەن؛ بۆنموونە لە هەواڵێکدا کە لێرە لە بەردەستی مندایە دەڵێت: لە سەنەدێکی «خیلی محرمانە»دا بەقەولی خۆیان کە لە جەلەسەیەکی کارگرووپی پێشگیری لە قەیرانە ئەمنییەتییەکان هاتووەتە دەرێ وتوویانە: «کۆمەڵگا لە حاڵی تەقینەوەدایە و نارەزایەتی گشتی لە یەک ساڵی ڕابردوودا ٣٠٠٪ زیادی کردووە».

ئەوە دانپێدانانێکە کە خۆیان دەیکەن وەکوو نموونە عەرزم کردن،هی دیکە زۆرن کە من وەکوو نموونە لە بەردەستمدا هەن بەڵام گرینگترین شت کە لێرەدا دەمهەوێت ئیشارەی پێبکەم ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشی «مجمع روحانیون و مجمع مدرسین و محققین قم»ە کە ئەوە لەبارەی ئەو قەیرانە کۆمەڵایەتییانەی کە لە ئێراندا هاتوونەتە پێش بڵاو بووەتەوە. ئەوانە دوو لایەنی گرینگی ئایینیین لە قۆم کە دەرس بە تەڵەبەکان دەڵێنەوە و ئەو ئیدیولۆژی و ئایینی ئیسلامە تەدریس دەکەن و لە ئاخووندەکانی هەرە بەئێعتبار و جێگای متمانەی ڕێژیمن کە ئەو کارانەیان پێ سپێردراوە و تەنانەت لە سیاسەتگوزاریشدا کاریگەرییان هەیە؛ ئەوانە لە بەیانییەیەکی دە دوازدە لاپەڕەییدا کە ئەو ماوەیە بڵاویان کردووەتەوە، لە خاڵێکدا باس لەوە دەکەن کە زۆرێک لە خەڵکی ئێران لە پیلان و زەخت و زۆری زاڵمانەی بیانییەکان و هەروەها لە بەر هەڵە و ناکارامەییەکانی نێوخۆیی ئازار دەچێژن؛ هەروەها دەڵێن خەڵک نیسبەت بە ئەسڵی شۆڕش گومانی لێ پەیدا بووە و ڕەشبین بوونە، ئەوە بۆ ناوەندێکی لەو چەشنە قسەیەکی زۆر گرینگە کە باسی دەکەن. لە قسەیەکی دیکەدا ئەوانە دەڵێن ئەگەر وڵاتەکەی خۆمان هەڵسەنگێنین لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە چەند ساڵ لەوەپێش وەکوو ئێمە وابوون یان تەنانەت لە ئێمەیش دواکەوتوتر بوون بەڵام ئێستا ئەوان وە پێش ئێمە کەوتوونەتەوە، ئایا بەو دۆخەوە دەتوانین بڵێین کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بەرنامە و کارنامەیەکی سەرکەوتووی هەیە؟ دەیبەنە ژێر پرسیار!

هەروەها ئاماژە بەوە دەکەن خەڵک ئێستا دەڵێن ئەوەیکە قەول درابوو ئاو و بەرقی مەجانیتان دەدەینێ ئەوە پێشکەشی خۆیان، ئێستا پێداویستییەکانی لەوانە کەمتریش ئێمە پێویستمان پێی هەیە کە دەبێ بماندەنێ و زۆر شتی دیکەیش کە لێرەدا هەیە و لە خەبەرەکانیش بڵاو بووەتەوە.

ئەوە دۆخێکە کە عەرزم کردن ئاکامی ئەو پرۆسەیە کە لە ڕۆژی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێ کردووە و زۆری کێشاوە و ئێستا ئاکامەکەی دەردەکەوێت، خەڵک بڕوای بە ڕێژیم نەماوە.

یەکێک لە ئاخووندەکان کە ئەو بەیانییەی ئیمزا کردووە باس لەوە دەکات کە ئێستا دۆخەکە وای لێهاتووە کە تەڵەبەکان کاتێک ئەیانهەوێت بچنە دەرەوە لە مەدرەسە لیباسی ئایینی لەبەر ناکەن لەبەر ئەوەیکە نەکەونە بەر تانە و توانجی خەڵک! تەنانەت مەلاکان کە دەچنە دەرێ لیباسیان دەگۆڕن چوونکە مەسەلەی ئایینی لە ئێراندا لە نەزەر خەڵکەوە بێبەها بووە! ئەوانە خۆتان دەزانن قسە و ڕادەربڕینی وەهان کە پێنج شەش ساڵ لەوەپێش ئەگەر کەسێکی دیکە کردبای دەیانبرد ئێعدامیان دەکرد؛ تۆمەتباریان دەکرد بە عامیلی بێگانە و سیخوڕ و خائین و ... بەڵام ئێستا ئەوانە لە زمانی خۆیانەوە دێتە دەر.

یان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو تۆمارە دەنگییەی کە بڵاو بوویەوە، بەرپرسانی پلەبەرزی سپای پاسداران باس لە گەندەڵی و لە دزی دەکەن ئەویش گەندەڵی و دزییەکی نجوومی، وەک خۆیان دەڵێن. تەنانەت باسی قاسم سولەیمانیش دەکەن کە ئێستا جلکێکی پیرۆزیان کردووەتە بەری و کردوویانەتە ئۆلگوویەک کە هەر تۆزێک لە ئیمام حسەین بە کەمتری دادەنێن.

ئەو ڕەوتە ئێستا دەورێکی خێراتری وەرگرتووە و خێراتر دەڕواتە پێش و زۆریش گرینگە چوونکە دەبینین هەم لە سەرەوە فەرماندەکانی سپای پاسداران کە هەموو شتێکی ئەو وڵاتەیان بە دەستەوەیە و لە لایەکی دیکەوە ئایینییەکان کە دەبێت مەشرووعییەتی ئەو ڕێژیمە ڕابگرن، ئەوانە هاتوونەتە دەنگ و ئیسڵاحیش نابیت چوونکە ئەو سیاسەتە ئەوان هەیانە لەگەڵ دونیای ئەمڕۆدا ناتەبایە. ئەو سیاسەت و قانوون و بڕیارانەی کە هەیانە لەگەڵ ویست و داخوازی ئێستای خەڵکەکەدا هەماهەنگ نییە بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو گیروگرفتانە زیاتر دەبن بەتایبەتی کە گەندەڵی کە بەڵایەکی گەورەیە کە لە هەر جێگایەک ببێت، لە کۆمای ئیسلامی ئێراندا ڕۆژ بە ڕۆژ زیادتر پەرە دەگرێت. ئەوەش شتێکە کە لەواقیعدا خامنەیی کە شەخسی یەکەمی ئەو وڵاتەیە ئاگای لێیە بەڵام نە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەڵکوو بە شێوەی ناڕاستەوخۆ پێیان دەڵێت حکوومەتەکەم بۆ ڕاگرن چ دەکەن بکەن. تەنانەت لە سەر ئەو تۆمارە دەنگییەی فەرماندەکانی سپای پاسداران کە بڵاو بووەوە هات قسەی کرد و باسی هەموو شتێکی کرد، ئەمریکا وا دەکات و پیلان دەگێڕن بۆ سپای پاسداران و ... ئەوەی نەچووە سەری و باسی نەکرد.

درێژە لە لاپەڕەی ٥



### درێژەی لاپەڕەی ٤

هەموو ئەوانە لە جێی خۆی! وای دادەنین کە ئامریکا وا دەکات! بەڵام تۆ وەکوو شەخسی یەکەمی ئەو وڵاتە کە ئەو گەندەڵییە دەبینیت قسەی تۆ چییە لەو بارەوە؟ یانی ئەو دووە، سپای پاسداران لە لایەک و وەلی فەقیە لە لایەکی دیکەوە وەکوو دو ئاڵقەن کە ئەو حکوومەتە و ئەو وڵاتە و ئەو سەروەت و سامانە هەمووی لە ئیختیاری ئەواندایە، دەیدەن بە پاسداران بە کەیفی خۆیان چ دەکەن بکەن بەڵام حکوومەتەکەی بۆ ڕاگرن، خەڵکی ناڕازی سەرکوت بکەن بەڵام خەڵکی ناڕازی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت، لێرەیشدا سیاسەتەکەی شکستی خواردووە بۆیە من پێم وابێت ئەگەر پێشتر باسمان دەکرد کە پرۆسەی ڕووخانی ڕێژیم دەستی پێکردووە ئێستا دەڵێین ئەو پرۆسەیە خێراتر بووە و زۆر خێراتریش لە داهاتوودا دەڕواتە پێش.

کەوابوو ئیحتیمالی ڕوخانی ڕێژیم لە ئێستادا لە هەموو ڕابردوو زۆرترە، من نامەوێ ڕێکەوت دیاری بکەم کە کەی دەڕوخێت بەڵام دەردەکەوێت کە ئەو حکوومەتە ناتوانێت بەردەوام بێت چوونکە تەنانەت پاسدارەکانیش کە هەموو شتێکیان لە ئیختیاردایە بەڵام دیسان وردە وردە خەریکە کەلێنیان تێدەکەوێت.

ئەوەیکە گرینگە بۆ ئێمە لەم مەرحەلە وەکوو کورد بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی، ئەوەیکە گرینگە ئێمە دەبێت ئەو داهاتووە لە بەرچاو بگرین و بزانین ئاڵوگۆڕەکان دێنە پێش.

لەو بارەوە دڵنیا بین کە ئەو ئاڵوگۆڕە دێتە پێش کەواتە ئێمە لە ئێستاوە دەبێت چ بکەین بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانە کە دێتە پێشمان؟ بە بۆچوونی من گرینگترین شت کە لەو پێوەندییەدا لە ئەستۆی ئێمەیە ئەوەیە کە خەڵکەکەمان یەکگرتوو بکەین، کورد لە ڕۆژهەڵات دەبێت یەکگرتوو بێت. ئێمە لە بەرنامەی ڕاساندا ڕامانگەیاند کە ڕۆژهەڵات دەبێ ببێت بە هێزی شوێندانەر. چۆن دەتوانێت ببێت بە هێزی شوێندانەر؟ بە یەکگرتوویی! یانی ئێمە قسەمان، بەیانمان، تەبلیغمان لە نێو خەڵکەکەمان ئەوە بێت کە ئێستا بۆ ئێمەی کورد سەردەم سەردەمی یەکگرتنە؛ بە هەموو کێشە و جیاوازییەکانمان کە هەمانە زەمانی یەکگرتنە، یەکگرتن لەسەر خاڵە هاوبەشەکان.

ئەوەیکە ئیسلامییە، ئەوەیکە دژی ئیسلامە، کۆمۆنیستە، دێموکراتە، هەر بیر و باوەڕێکی هەیە، هەر زمان و زاراوە و شێوەزار یان ئایینێکی هەیە، ئێستا سەردەمی ئەو شەڕە نییە. دەبێ لە پێشدا ئێمەی کورد بە هەموو ڕەنگ و بۆنەکانمانەوە بتوانین یەکگرتوو بین تاکوو لە ئاڵوگۆڕەکاندا کاریگەری دابنێین و بستە خاکێکمان هەبێت کە پێی لەسەر دابنێین، کە بستە خاکەکەمان هەبوو ئیتر ئەودەم قەیناکات، شەڕ دەکەین لە سەر ئایین و لەسەر دێموکراسی و کۆمۆنیست و دیکتاتۆری و ئەوانە بەڵام ئێستا سەردەم سەردەمی یەکگرتنە؛ ئەوە بە بۆچوونی من دەتوانێت بەیانێک بێت کە خەڵک وریا بکاتەوە چوونکە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕۆژی یەکەمەوە تاکوو ئێستا خەریک بووە خەڵک دابەش بکات. سونی و شیعە لێک جیا بکاتەوە، کورد و تورک لەیەک جیا بکاتەوە، ئیسلامییەکان بە دژی دیموکراتەکان و...

بۆ ڕێژیم گرینگە، نە تەنیا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەڵکوو هەموو ڕێژیمە دیکتاتۆر و تووتالیتێرەکان ئەوە بەشێک لە سیاسەتەکەیانە کە دابەشکاری بکەن بۆ ئەوەیکە ئاسانتر زاڵ بن بە سەر کۆمەڵگادا. ئەوەیکە لە زانستدا پێی دەڵێن ئەتۆمیزە، کۆمەڵگا بە ئەتۆم دابەش دەکەن زەڕە زەڕەی دەکەنەوە چونکە ئەگەر زەڕە زەڕە بوویەوە زۆر ڕاحەتتر دەسەڵاتی بەسەردا دەشکێت.

ئێستا سەردەمی ئەوەیە کە کاتێک مامۆستایان ناڕەزایەتی دەردەبڕن، لە سەر شەقامەکانن لە خەڵک داوا بکەین خەڵکینە پشتیان بگرن، ئەگەر بەیانی بازاڕی هاتە سەر شەقام هەر ئەوە بە خەڵک بڵێین، کرێکار هات هەر ئەوە بە خەڵک بڵێین. خەڵک دەبێت پشتی یەک بگرن. بە خۆشییەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەک و چوونە سەری ئاستی زانیاری و وشیاری خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێرانیش لەلایەکی دیکەوە بووەتە هۆی ئەوەیکە ئەو یەکگرتنە ئێستا شکڵی گرتووە بەڵام دەبێ تەکمیلتر بێت. لەخۆڕا نییە کاتێک لە ناوچەی کرماشان بوومەلەرزە دێت خەڵک لە خۆی و سەڵماسەوە ئازوقە بار دەکەن بۆیان دەبەن و هاودەردییان لەگەڵ دەکەن. کاتێک ژینگەپارێزێک لە ئاگرکوژانەوەدا گیان لەدەست دەدات لە هەموو کوردستانەوە خەڵک هاودەردی و هاوخەمی خۆی دەردەبڕێ و پشتی دەگرێت. کاتێک زارا محەممەدی دەبەنە زیندان کوردستان دەشڵەقێت. لە هەمووی کوردستاندا پشتیوانی لێدەکرێت، ئەوانە دەسکەوتی زۆر گەورەن و ئێمە دەبێ ئەوانە بەهێز بکەین.

لە نێو هێزە سیاسییەکانی کورددا زیاتر هەنگاو هەڵبگرین و زۆرتر لێک نیزیک ببینەوە. من دڵنیام ئەگەر هەموو پێکەوە دەست بدەینە دەست یەک کوردستان ئاگاهییەکەی زۆر زیاترە و زۆر ڕاحەتتر یەکدەگرێت و ئێمە دەتوانین ئاکامی ئەو هەموو زەحمەتە کە ئێمە لە حیزبی دێموکرات و زۆر خەباتکاری دیکەیش لە ڕۆژهەڵاتدا کێشاویانە تاکوو ئێستا بە ئاکام بگات و بتوانین لانیکەم بە بەشێک لە ویست و داخوازی خەڵکەکەمان بگەین.

**ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەپێی ئەو ناسیاوییە کە لەم پرسە هەیەتی هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە کارێکی وای کردووە کە توێژی مامناوەند لە کۆمەڵگادا لاواز و لاوازتر بێت یانی کارێکی وەها بکات کە ئەو توێژی مامناوەندە یان پێوەند بدرێتەوە ڕێژیم و بە حکوومەت، دەستی ئاوەڵا بێتەوە لە دزی و گەندەڵی و هەموو ئەو شتانەی کە ئێستا دەیکەن و بێتە توێژی باڵادەست. هێندێکیشییان لە چینی مامناوەند کە زۆربەیانن، وردەوردە هەرچی هەیانە لە دەستی دەدەن و پەیوەست دەبن بە هەژارەکان**

مەسەلەیەکی دیکە کە دەمەوێت لەم پێوەندییەدا عەرزتان بکەم لە سەرەتادا ئیشارەی پێ کرا، مەسەلەی بەرجامە، بەرجام شتێکی تازە نییە، ساڵهایە قسەی لەسەر دەکرێت، تێک دەچێت و دیسان درووست دەبێتەوە و ئێستاش خەریکە سەر دەگرێتەوە. من چەند مانگ لەوە پێش لە وتووێژێکدا کە لێیان پرسیم ئەوەم باس کرد کە سەرەڕای بەرزەفڕییەکانی کۆماری ئیسلامی و ئیدیعاکانی کە دەیکات و سەرەڕای ئەوەیکە ئامریکا دەیڵێت بەڵام لە نیهایەتدا ئەوانە دەگەن بەو ئاکامەی کە هەنگاو بە هەنگاو کارەکە جێبەجێ بکەن. بۆچی وایە؟ چوونکە هەردووکیان ناچارن، کۆماری ئیسلامی ئێران ناچارە چوونکە کیسەکەی کەمی هێناوە نەک لەبۆ ئەوەیکە خزمەت بە خەڵکەکەی بکات بەڵکوو لەباری ئەوەیکە هێزە نیابەتییەکانی ناتوانێت باش تێر بکات و ئەیهەوێت لە وڵاتەکانی دیکەیش هێزی نیابتی پێک بێنێت بۆیە دەیهەوێت بەرجام سەر بگرێت و پارەیەکی زۆری دەست کەوێت کە بە لاچوونی گەمارۆکان دەستی دەکەوێت تاکوو ئەوان تێر بکات. بێجگە لەوان ئەوەی دەمێنێتەوە ئێستا سپای پاسداران و باقی بەرپرسانی پلەبەرزی ڕێژیمن کە هەموو شاییان لەگەڵ دەگەڕێ و پارەیان دەست دەکەوێت و دیسان حیسابە بانکییەکانیان لێرە و لەوێ پڕ دەکەن و ئەگەر لەوێیش شتێک ماوە ڕەنگە لە ڕێگای ڕازیکردنی خەڵکەکەدا خەرجی بکەن بەڵام ئەوە لانیکەمی شتێکە کە بە خەڵک دەگات، چوونکە ئێمە لەو دەورانەدا کە قەراردادی بەرجام ئیمزا کرابوو ئەودەمیش ئەوەمان دیت بەڵام ئێستا دۆخەکە زیاتر فەرقی کردووە، ئێستا گیرفانی بەتاڵی سپای پاسداران زیاتری دەوێت، بەرپرسان بەوەیکە بوویانە ڕازی نین زیاتریان دەوێت و هێزە نیابەتییەکان کە دەبێت هەر بە گەروویاندا بکرێت، چەک و پارەیان بدرێتێ، ئیمکاناتیان لە ئیختیاردا بنرێ، ئیحتیاجیان هەیە بەوە و کەوابوو کۆماری ئیسلامی لەوبارەوە موحتاجە.

ئامریکا و ئۆرووپایش لەو بارەوە مەجبوورن کە دەیانهەوێ کارێک بکەن کە کۆماری ئیسلامی پیتاندنی ئۆرانیۆم ڕابگرێت و نەگاتە ئەو قۆناغەی کە بتوانێت چەکی ئەتۆمی دروست بکات، ئەوە مەترسییەکە بۆ دنیا بۆیە هەردوولا بە یەکدی ئیمتیاز دەدەن و ئەوەیکە هەواڵەکان بڵاو دەکەنەوە لە کۆتاقۆناغەکاندایە.

جا ڕوون نییە قۆناغی کۆتایی ئەمڕۆ دەبێ، سبەی یا کەی؟ بەڵام وا دیارە بەرەو نیزیکبوونەوە دەچن، ئەوەیکە نەتیجەی دەبێتە چییە بۆ خەڵک؟ خەڵک هەر فەقیر و هەژارتر دەبێت و لە ژێر ستەمدایە چوونکە وەبەری ناکەوێت ئەگەر بیشیانهەوێت هەرچەند کە وەک عەرزم کردن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەئەنقەست دەیهەوێت خەڵکەکە لە هەژاریدا ڕابگرێت بەڵام کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەیەک باش دەگەشێتەوە، ئیمکاناتی زۆرتر فەراهەم دەکات، هێزە نیابەتییەکانی ڕازی دەکات، تێرۆریزم زیاتر تەقوییەت دەکات، دەستێوەردان لە وڵاتانی دراوسێدا زیاتر دەکات بەڵام لە هەمووی ئەوانەشدا، بە مانای ئەوە نییە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر دەمێنێتەوە چونکە عەقڵییەتەکە و سیاسەتەکە سیاسەتی ئەوڕۆ نییە و گیروگرفت و کێشەکان ناتوانێت چارەسەر بکات بەڵکوو زۆرتری دەکات.

باسێکی کورت کە دەمەوێت بیکەم لە سەر دۆخی عێراق، وەک عەرزم کردن عێراق لەو ڕووەوە بۆ ئێمە گرینگە کە ڕێبەرایەتییەکەی ئێمە لێرەدایە؛ بەشێکی زۆر لە کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانمان لەم وڵاتەدا نیشتەجێین. هەرچەند هەرێمی کوردستان بۆ خۆی حکوومەتی خۆی هەیە بەڵام لەواقێعدا بەشێکە لە عێراق بۆیە لە عێراقدا هەر سیاسەتێک پێڕەو بکرێت ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئێمەیش هەیە، کاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانەمان، لەسەر خەبات و بەرنامە و کارەکانمان هەیە بۆیە ئێمە دەبێ بە وردی بەدواداچوون بۆ ئەوەش بکەین. دۆخێک کە ئێستا بە گشتی دەیبینین بە بێ ئەوەیکە بچمە سەر وردەکارییەکان ئەوەیە کە باشمان پێ نالێین، کۆماری ئیسلامی ئێران نفووز و دەسەڵاتی خۆی بە هۆی هێزە نیابەتییەکانییەوە پاراستووە، هەڕەشە دەکات هەرچەند لە هەڵبژاردنەکاندا کەمترین دەنگیان هێناوەتەوە بەڵام هەڕەشە دەکات چەکی بە دەستە و هەڕەشەی شێواندن و تێکدانی دۆخی حکوومەت دەکات.

ئەگەر ئێستا هەواڵەکانی هەرێمی کوردستان گوێ بدەین، هەواڵەکان ئەوەن کە ئەوڕۆ بێنزینیان نەناردووە بێنزین گران بووە، لە زستاندا نەوتیان نەداوە خەڵک نازانێت چی بکات، مووچە ئەو مانگە وەدوا کەوتووە و ئەو هەواڵانە ڕۆژانە تیکرار دەبێتەوە و بەوەوە کوردیان خەریک کردووە. بۆ دەتوانن ئەوە بکەن؟ خۆ خودی عەرەبەکەش وەنەبێت زۆر یەکگرتوو بن و زۆر یەکتریان خۆش بوێت و زۆر یەکدەست بن، نەوەڵا زۆر بەربڵاون، زۆر دژی یەکترن، ئەوە بووەتە هۆی ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر نفوز بکات و دەسەڵاتی خۆی پەرە پێبدات لە بەغداد.

شتێکی ڕوونە کە لە وڵاتێکی ئاوا بەلبشێودا کە وەکوو کوردەواری خۆمان دەڵێین وەکوو چێشتی مجێوری لێهاتووە و کۆماری ئیسلامی دەبێت سیاسەت دیاری بکات لە بەغدا و سەرانسەری عێراقدا، ئێمەیش کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانین و وەکوو ئۆپۆزیسیۆنی زۆر ئەسیل و موقاوم چاومان لێدەکات، ڕوونە کە لە پیلانی ڕۆژانە و هەمیشەیی ئەودایین بۆیە دەبێ لەو بارەشەوە ئەو وریاییەشمان هەبێت. یانی شوێنێک کە ئێمە تێیداین پێتان وانەبێت شوێنێکی زۆر سەقامگرتوو و ڕێکوپێک بێت بەڵکوو هەر سات لە ئاڵوگۆڕدایە. ئەوەش بۆ خۆی بۆ ئێمە ناخۆشە بەشێک لە وزەی ئێمە و کاتی ئێمە دەگرێت و فکری ئێمە خەریک دەکات و ناتوانین لەحەنایدا کەمتەرخەم بین. بەڵام دۆخێکە کە بە بێ ئەوەیکە ئێمە کاریگەرییەکمان بێت هاتووەتە پێش، گەورەترین کێشەی ئێمە ئەوەیە کە پێمان لە سەر خاکی خۆمان نییە و ئۆسوولەن خەباتێک کە ڕێبەرایەتییەکەی لەسەر خاکی خۆی نییە هەمیشە لەگەڵ ئەو گیروگرفتانە ڕووبەڕوویە؛ لەباری ئابووری، سیاسی، نیزامییەوە کێشەکانی زۆرن بۆیە لەو بارەشەوە دیسان ئێمە بۆ خۆمان دەتوانین یارمەتی بە خۆمان بکەین بۆ ئەوەیکە بتوانین بە یەکگرتوویی بیر لەو مەسەلانە بکەینەوە ئەگەر شتێکمان لەدەست دێت، ڕەنگە زۆر شتمان لە دەست نەیەت لەو بارەوە، بەڵام ئەگەر شتێکمان لە دەست بێت پێکەوە بیکەین.

باسەکەی من زۆری کێشا، ماندووم کردن، سپاستان دەکەم بە تاقەتەوە گوێتان گرت، ئەمن شتێکی دیکەم نییە عەرەزتان بکەم.

# ڕووسیای پاشسۆڤییەت

شاهۆ حوسێنی



## پێشەکی:

دەروونناسیی سیاسی وەک لقێک لە زانستی دەروونناسی تیشک دەخاتە سەر هەلومەرجەکانی دەروونی ڕووداوە سیاسییەکان. ئەم لقە لە دروونناسی وەک زانستێکی نێوان ڕشتەیی شرۆڤەی هۆکارێکی شەخسی کردەوە و ڕەوتەکانی پاڵنەری کردەی سیاسی تاک و گرووپەکان دەکات. لە هەمان کاتدا دەروونناسیی سیاسی مودێرن جگە لەم ئەرکە گشتییە، وردتر تیشک دەخاتە سەر سیاسەتەکانی هەڵبژاردن، ڕێبەری، دەور و نەخشی ڕێبەرەکان، هەڵوێستگرتنی ڕێبەران و هەڵکەوتەکان، ئایدۆلۆژییە سیاسییەکان، توندوتیژی سیاسی و شەڕەکان. لەڕاستیدا زۆر جار ئەم شێوازە وەک مێتۆدێکی شرۆڤە دەتوانێ بەستینی باشتر، واقعیتر و جێگای متمانەتر بۆ تێگەیشتن لە کێشە و قەیرانەکان بڕەخسێنێت. دەشێ بگوترێ بەستێنێکە کە لەودا تایبەتمەندییە دەروونییەکانی وەک کەسایەتی، فام، شوناس، سۆز، ئەزموونە کەسییەکان، ڕەوتەکانی پێوەندی و نەریتەکانی کلتووری کارتێکەر لەسەر کردەوەی سیاسی تاک گرینگی پێ دەدرێت. ئامانجی ئەم زانستە، تێگەیشتن لە بەستێنەکانی دەروونناسی پێوەندیدار بە بابەت، کردە و لێکەوتە سیاسییەکانە بەمەباستی دەرخستنی ڕیشە، ئاکام و لێکەوتەکانی کردەوەی سیاسیی کۆمەڵانی خەڵک، ڕێبەران و سیاسەتوانان.

## دەرکەوتنی ڕووسیا لەپاش یەکیەتیی سۆڤییەت:

لە دەسپێکی دەیەی ٨٠ زایینیدا، یەکیەتیی سۆڤییەت دۆخی ئابووری بەڕێژەیەکی زۆر لە خراپی دابوو، بەهرەداری ئابووری بەڕێژەیەکی زۆر دابەزیبوو، سۆڤییەت پێویستی بە هاتنی سەرمایە لە دەرەوەڕا هەبوو بەڵام دیکتاتۆرییەتی ئایدۆلۆژیک مەجالی نەدەدا، ڕێژەیەکی یەکجار زۆری داهاتی وڵات خەرجی بەشی نیزامی دەکرا و سۆڤییەت لە کێبڕکێی قوڵی نیزامی لەگەڵ ڕۆژاوادا بوو. ئەم دۆخە سۆڤییەتی فەلەج کردبوو. ئەمانە هۆکارێکی گرینگ بوون کە بەستێنیان بۆ دەرکەوتنی میخائیل گۆرباچۆف لە ١٩٨٥ ڕەخساند. گورباچۆف دەستی کرد بە بەدیهێنانی هێندێک ڕیفۆرم، ئەو بە مەبەستی چاکسازی ئابووری و پیشەیی و کردنەوەی دەرگا بەڕووی سەرمایەدانانی دەرەکی پرۆستریکای ڕاگەیاند، بەڵام ئەم گەڵاڵەیە نەتەنیا دۆخەکەی باشتر نەکرد کە بوو بەهۆی هەڵکشانی ئاوسان و بەم شێوەیە لە ١٩٨٩ سۆڤییەت لە دارمانی ئابووری نزیک ببوویەوە.

گورباچۆف بە گەڵاڵەی گلاسنۆست بۆ یەکەم جار مەجالی باسی ئازاد، ڕەخنەی ڕاشکاو لە ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیست و بڕیارەکانی حیزبی ڕەخساند، لە ١٩٨٧ڕا بڵاۆکەکانی ئازاد وردەوردە دەرکەوتن، بەم شێوەیە بەرەبەرە نارەزایەتییەکان لە دەسەڵاتی حیزبی کۆمۆنیست پەرەی ئەستاند، لەم سەردەمەدا بۆ یەکەمجار ڕێژەی جینایەتەکانی سەردەمی ئیستالین ئاشکرا کرا. ئەم ڕەوتە بەخێرایی باسەکانی نێو شەقامی گشتی کۆمەڵگای بەرەو فەساد لەنێو حکومەتی تاکحیزبیدا ڕاکێشا. لێکەوتەی گرینگی گلاسنۆستیش دەشێ بگوترێ کە لە دەستچوونی یەکجاری متمانە بە حکومەت و حیزبی کۆمۆنیست بوو لەنێو بیروڕای گشتی کۆمەڵگادا.

شۆڕشێکی ئایدیۆلۆژیک کە لە ١٩١٧ ئیمپراتووری تێزارەکانی لە ڕووسیا دارماند، لە درێژەدا بەهۆی کەڵەکەبوونی کۆگشتییەک لە قەیرانە سیاسییەکانی: ڕەوایی، بڕشت(penetration)، دابەشین (Distribution)، تێهەڵکێشان (Merger)، بەشداری(Participation) و شوناس(Identity) کە بوو بە هۆی دابڕاندنی کۆمەڵگا لە هەیئەتی حاکمە، لە تەنیشت شکستی سیاسەتە ئابووری، کلتووری و کۆمەڵایەتییەکان، نەیتوانی بەرهەمهێنی مەدینەیەکی فازلەی کۆمۆنیستی بێت.

کەڵەکەبوونی قەیرانەکان لە سەردەمی سەرکۆماری میخائیل گورباچۆفدا بەرهەمهێنی دوو گەڵاڵەی پرۆستریکا بە مانای ئاواڵەیی ئابووری و گلاسنۆست بە مانای ئاواڵەیی سیاسی هەر چەند لانیکەمیش بوو کە لەلایەن گورباچۆفەوە خرایە ڕوو، بە مەبەستی گەشەی ئابووری و گەشەی سیاسی، ئەم دوو گەڵاڵەیە بوو بەهۆی پەرەی نەتەوەخوازی لەنێو نەتەوەکانی بە زۆر کۆکراوە لەنێو یەکیەتیی سۆڤییەتدا. گرینگترین قەیرانی ناوخۆیی یەکیەتیی سۆڤییەت لە ١٩٩٠دا نەتەوەخوازی لەنێو کۆمارەکانی ئۆکراین، لیتوانی، لێتۆنی و ئێستۆنیدا بوو کە لە ئاکامدا لە هەشتی مارسی ١٩٩١ ئەم کۆمارانە سەربەخۆ بوون و ٢٥ دێسامبەری ١٩٩١ یەکیەتیی سۆڤییەت بە فەرمی ڕووخا و بەم شێوەیە ڕووسیا بوو بە جێگرەوەی یەکیەتیی سۆڤییەت.

## بەرەو ڕووسیای نیئۆلیبرالی:

ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت هەم وەک ژێئۆپۆلۆتیک و هەم وەک ئایدۆلۆژی دژبەری ڕۆژاوا، هەم لە فۆڕمی ژێئۆپۆلۆتیکدا و هەم بە مانا کلتووری و چەمکییەکەی، هەموو بەربەستەکانی دەرکەوتنی شالاوی سێهەمی دێموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ئورووپا لەناو برد، بەم شێوەیە لە سەرەتاکانی دەیەی نەودی سەدەی بیستەمی زایینیڕا ڕۆژاوا وەک کلتووری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ژێئۆپۆلۆتیک بەربڵاوییەکی کەموێنەی بەخۆیەوە بینی. ئەمەش لەم ڕووەوە بوو کە بەربەستە نەزەری و مەعریفییەکەی کە ئایدۆلۆژی مارکسیزم-لێنینیزم بوو لەناو چووبوو. چارەنووسی ڕووسیا بەڵام وەک مێترۆپۆلی مەعریفی، کلتووری، نیزامی جیهانی دژبەری ڕۆژاوا جیاوازتر بوو.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ گورباچۆف دەستی کرد بە ڕیفۆرم لەنێو یەکیەتیی سۆڤییەتدا؛ شۆڕای باڵای مەجالی دەرکەوتنی نیزامی فرەحیزبی و ئازادی ئایینی لە سۆڤییەت ڕەخساند، بەڵام ئەمە بەلای کۆمۆنیستە ڕادیکاڵیستەکانەوە جێگای ڕەزامەندی و قەبوڵکردن نەبوو. گورباچۆف بە هەموو شێوەیەک هەوڵی پاراستنی سۆڤییەتی دەدا، ئەو هەوڵی دا کە خودموختارییەکی زیاتر بە کۆمارەکانی سۆڤییەت بدات، بەڵام بوریس یەڵتیسنی دابڕاو لە حیزبی کۆمۆنیست بە دژ هەموو ئەو هەوڵانە هەڵوێستی گرت. مانگی ئاگۆستی ئەو ساڵە کۆدەتایەک وەڕێ کەوت کە یەڵتسین وەک قارەمانێکی نەتەوەیی بە دژ کۆدەتاگەران دەرکەوت و خەڵکی هێنایە سەر شەقامەکان و توانی گەڵاڵەی کودەتا پووچەڵ بکاتەوە. بەم شێوەیە کەوتە بەر سرنجی کۆمەڵانی خەڵک، لە ٢٤ مانگی ئاگۆست گورباچۆف لە سکرتێریی حیزبی کۆمۆنیست لاچوو و چەند ڕۆژ دواتر حیزبی هەڵوەشاندەوە. یەڵتسین بە درووشمی دێموکراسی بوو بە سەرکۆماری ڕووسیا و تا ساڵی ١٩٩٩ وەک سەرکۆمار دەوری گێڕا. دەرکەوتنی یەڵتسین دەسپێکی هەوڵەکان بۆ دەرکەوتنی نیزامێکی نیئۆلیبراڵی لە ڕووسیا بوو. تایبەتمەندییەکانی ئەم نیزامە نوێیە کە هەوڵ دەدرا جێگیر بکرێت ڕێزگرتن لە خاوەندارێتی، ڕەخساندنی مەجالی دەرکەوتنی بورژوازی و نیزامێکی کۆمەڵایەتی لە سەر ئەساسی چینایەتی بوو، واتە هەموو تایبەتمەندییەکانی ڕۆژاوایی بەخۆیەوە دەدیت بەڵام ئەمانە تەنیا لەسەر کاغەز بوون و هیچ کات مەجالی دەرکەوتنی بەخۆیەوە نەدیت، ڕووسیا وڵاتێکی پیشەیی پێشکەوتوو نەبوو، تەوەری سەرەکی ئابووری ئەم وڵاتە نەوت و گاز بوو کە لە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵی دەوڵەتدا بوو. یەڵتسین ئەگەرچی یەکەم سەرکۆماری هەڵبژێردراوی ڕووسیا بوو کە بەشێوەیەکی تا ڕادەیەک دێموکراتیک هەڵبژێردرا بەڵام کۆتاییش بوو. لەڕاستیدا دەرکەوتنی ڤێلادیمێر پۆتین بە مانای دەرکەوتنی سیستمێکی دێسپۆتیستی بوو کە بەشێوەی هێرارشیک دەستی بە سەر هەموو جوومگەکانی سیاسی، ئابووری و نیزامی داگرت.

## دەرکەوتنی پوتین لە ئاسۆی سیاسی ڕووسیادا:

ساڵی ١٩٩٩ کۆتایی دوو دەورە دەسەڵاتی یەڵتسین بوو و ئیتر نەیدەتوانی بۆ سێهەم جار پاڵێوراوی سەرکۆماری بێت، شەڕی دەسەڵات بۆ جێگرەوەی یەڵتسین لەوپەڕی خۆیدا بوو. لە وەها دۆخێکدا دەست لەکارکێشانەوەیەکی مەسڵەحەتخوازانە لەلایەن یەڵتسین بەستێنی دەرکەوتنی پوتینی سەرۆکوەزیرانی وەک جێگرەوەی کاتی ڕەخساند. ئەم دەرفەتە لەبارترین دەرفەت بۆ پوتین بوو تا ژێرپێی خۆی لە دەسەڵات قایم بکات، دەست و پێوەندییەکانی نزیک لەخۆی لە نێو بازنەی دەسەڵاتدا کۆ بکاتەوە و بەستێن بڕەخسێنێت بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری داهاتوودا. لەڕاستیدا ئەزموونی دوو شەڕی چیچان بەستێنەکانی بۆرۆکراسییەکی نیزامی لە ڕووسیا ڕەخساندبوو، ئەم بۆرۆکراسییە پشتیوانی کۆمەڵانی ناسیۆنالیستی ڕووسی لەنێو کۆمەڵگادا لەگەڵ بوو، دەوری پوتین لە هەڵگیرساندن و سەرکەوتن لە شەڕی دووهەمی چیچان گرینگ بوو، سەرکەوتن لە شەڕی دووهەمدا تەنانەت پشتیوانی ڕووناکبیرانی لیبرالیشی لێکەوتەوە.

لەڕاستیدا سەرکەوتنی تانکەکانی ڕووسی لە شەڕی دووهەمی چیچان ڕێگایان بۆ تانکەکانی دەسەڵاتی پوتین بەرەو کرێملین خۆش کرد و کۆمەڵگای ڕووسیا بە یەکگرتوویی زۆرینە پشتیوانی پوتین بوون. پوتین توانی لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٩دا سەرکەوتن بەدەست بێنێت و ئەمەش دەسپێکی سەردەمی پوتین بوو.

## ڕووسیا و قەیرانی شوناس:

جیهانی زەینی سۆڤییەت کە ڕووسیا ئەساس و بنەمای ئەم جیهانە بوو، ژینگەیەکی ئایدیۆلۆژیک بوو کە وەک مارکسیزم-لێنینیزم پێناسە دەکرا، ئەم ئایدۆلۆژییە لەخۆگری فۆرماسیۆنێکی مانایی لە خودی سۆڤییەتی، ئەویتری ڕۆژاوایی وەک دژبەری سۆڤییەتی بوو، ئەم خودە نوێنەری چینی زۆرینەی پڕۆلێتێر بوو کە بە دژ کەمینەی بۆرژوایی خاوەن دەسەڵات وەک ئەویتر خەباتی دەکرد. بەگشتی تایبەتمەندییە گرینگەکانی ئەم ژینگە ئایدۆلۆژیکییە بریتی بوون لە: حیزبی پێشەنگ، دەستداگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بە سەر ئابووریدا، ئەنترناسیونالیزم، دژایەتی لەگەڵ دێموکراسی بورژوایی و دژایەتی سەرمایەداری. ئەم جیهانە مەعریفییە ئەساسی پەروەردە و پێگەیاندنی مرۆڤی سۆڤییەتی بوو کە لە زەینی ئەودا چوارچێوەیەکی مەعریفی بۆ پاساوی دژایەتی لەگەڵ ئەویتری ڕۆژاوایی دارشترابوو، لەڕاستیدا ئایدیۆلۆژی شوناسێکی زەینی و ڕواڵەتی بۆ مرۆڤی سۆڤییەتی بەرهەم هێنابوو کە خاوەنی سنووربەندییەکی دیار و ئاشکرا لەگەڵ شوناسی ئەویتری ڕۆژاوایی هەبوو.

ساڵی ١٩٩١ سۆڤییەت دەڕووخێت، ئەم ڕووخانە تەنیا ڕووخانی ڕواڵەتی حکوومەتێک نییە، بەڵکوو ڕووخانی ئایدیۆلۆژییەک، شوناسێک و فۆرمێک خودە وەک دژبەری ئەویتری ڕۆژاواییە؛ واتە هەموو بنەماکانی مەعریفی و ڕواڵەتی شوناسێکی دژبەری ڕۆژاوایی وەک بەربەست و سنوور لەناوچوون. لەم ڕەوتەدا هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا کە ڕۆژگارێک لەژێر هێژمۆنی ئەم ژینگە ئایدیۆلۆژیکییە بوون و خاوەنی ئەم شوناسە، تێکەڵ بە جیهانی ڕۆژاوایی بوون و بوون بە بەشێک لە ڕۆژاوای زەینی و ژێئۆپۆلۆتیکی، لەم ناوەدا تەنیا ڕووسیا هیچکات تێکەڵ بە جیهانی ڕۆژاوایی نەبوو. ڕووسیای پاشسۆڤییەتی ئەگەرچی بەشێکی زۆری سنوورە زەینی و مەعریفییەکانی تێکەڵی جیهانی ڕۆژاوایی بوو، لەباری ژێئۆپۆلۆتیکەوە بەشێک لە ئورووپا بوو، بەڵام ڕووسیای پاشسۆڤییەتیی پووتینی، دیاردەی جیاواز بوون! دژبەربوون و سنووربەندی لەگەڵ ڕۆژاوای لە سۆڤییەت بە میرات هەڵگرت و کردییە ئەساسی ستراتژی سیاسەتی دەرەوە و هەڵسوکەوتی ناوچەیی و جیهانی. ئەگەرچی جیهانی دووجەمسەری ڕووخا بەڵام لە زەینی پووتیندا سنووربەندی دووجەمسەری هەر مایەوە، بەڵام بەبێ پاساوێکی ئایدیۆلۆژیک، مەعریفی و بنیادنەری شوناسێکی جیاواز بۆ دژایەتی ڕۆژاوا، واتە ئەگەر ڕۆژگارێک ئایدیۆلۆژی لێنینیزم ئەم ئەرکەی ڕادەپەڕاند، ئەوا لە نەبوونیدا وەک ئەساسی شوناسی سۆڤییەتی، هیچ ژینگەیەکی مەعریفی نەیتوانی بەرهەمهێنی خودی ڕووسی بۆ ئەم دژایەتییە بێت، هەرچەند ناسیۆنالیزمی ڕووسی بەهێز کرایەوە، بەڵام ئەم ناسیۆنالیزمە بەتەنیا بەس نەبوو بۆ بەرهەمهێنانی شوناسێکی جیاواز لە ڕۆژاوا. چوونکە ئەساسەن ئەم فۆرمە لە ناسیۆنالیزم خۆی بەشێک لە ژینگەی جیهانی ڕۆژاوایی بوو.

## ئاکام:

پوتین، نە دوو شەڕی جیهانی، نە بۆمبارانی ئەتۆمی و نە هۆلۆکاست، کە ڕووخانی سۆڤییەت بە کارەساتی سەدە ناو دەبات. ئەو وەک کۆنە ک.گ.بێی و خاوەنی زەینێکی ئەمنییەتی بەهێزی دژبەری ڕۆژاوایی باش دەزانێت کە سۆڤییەت تەنیا فۆرمێکی ڕواڵەتی دەسەڵات و ئایدیۆلۆژییەک نەبوو، بەڵکوو جیهانێکی زەینی و ئەساسی شوناسی تاکی سۆڤییەتی بوو، پاساوکەر، پاڵنەر و مۆتۆڕی وەرگەڕخەری دژایەتی و دژبەرایەتی ڕۆژاوا بوو. ڕووخانی ئەم جیهانە لەڕاستیدا بە مانای ڕووخانی هەموو بنەماکانی شوناس، لەناوچوونی پاساوەکان، پاڵنەرەکانی دژایەتی و دژبەرایەتی جیهان ڕۆژاوایی بوو. ئەو کە تەمەنێک بەم دژایەتی و دوژمنایەتییە فۆرم و خۆی گرتبوو، لەسەر ئەساسی ئەم مێنتالیتە و زەینە ڕاهێنرابوو و ڕاهاتبوو، ئیتر مەجالی ئاڵوگۆڕی نەبوو، بۆیەش ئەم دوژمنایەتی، جیاوازی و مەودایەی پاراست بەڵام لە نەبوونی شوناسێکی ڕاستەقینە، تەنیا بە پاڵنەری وەهمێکی ئەمنییەتی. لەکاتێکدا سۆڤیەت وەک هەموو هۆکارەکانی دژایەتی ڕۆژاواییەکان لەگەڵ ڕووسیا لەناو چووبوون، ئەو بەڵام مەودا و دوژمنایەتی لەگەڵ ڕۆژاواییەکان پاراست، خۆی بە جەمسەری دژبەری ڕۆژاوایی و بەتایبەتی ئەمریکایی دەزانی و شێوەی هەڵسوکەوتی لە دەلاقەی هەمان شوناسی سۆڤییەتی بوو لەگەڵ ئەوان. لەڕاستیدا ڕووسیا هەرچەند لە پاش ڕووخانی سۆڤییەت و لە سەردەمی دەسەڵاتی پوتیندا بوو بە بەشێک لە نیزامی جیهانی و هاتە نێو ڕیزی وڵاتانی خاوەن تایبەتمەندی سەرمایەداری بەڵام هیچکات نەبوو بە بەشێک لە نیزامی ڕۆژاوایی.

ڕووسیا وەک زلهێزێکی دابەزیو ئێستاش خۆی لە وەهمی زلهێزێکی جیهانی دووجەمسەردا دەبینێت و پێی وایە کە دەبێت جیهان لە سەر ئەساسی ئەم ڕوانگەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات، بەڵام جیهان و ئەمریکا بەتایبەتی، بەپێچەوانە، ڕووسیا وەک زلهێزێکی جیهانی دووجەمسەری نابینن، بەتایبەتی لەپاش هاتنە سەرکاری باراک ئۆباما و گرینگایەتی چین لە پلانی ستراتژی دەرەوەی ئەمریکا.

چینی مائۆئیست وەک بەرەی دژبەری ڕۆژاوا پێناسە کراوە، چینێک لە بەهێزەوە خەریکی پەرەی ئابووری و پێشکەوتی پیشەییە، خاوەنی ئابوورییەکی بەهێز و خاوەن هێژمۆنە لە بەشێک لە جیهان و وەک دووهەم ئابووری جیهان لەپاش ئەمریکا دەناسرێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕووسیا جگە لە نەوت و گاز و کەرەستەی نیزامی هیچ پیشەیەکی پێشکەوتوو و ئابوورییەکی بەهێز لەبەرامبەر چینی پیشەیی، زانستی و پێشکەوتوودا نییە. ئەم دیاردانە لە ڕوانگەی دەروونناسەکانەوە دەتوانن ببنە بنەمای کێشە و قەیرانی هەڵسوکەوت لەناو مرۆڤدا، پوتین لە قەیرانی شوناسدایە، ئەم قەیرانە بەرهەمهێنی وەهمی ئەمنییەتی، دژایەتی و دژبەرایەتی ڕۆژاوایە لە دەروونی ئەودا و لەتەنیشت هەڵسوکەوتی ڕۆژاواییەکان وەک پاڵنەر بنەمای شەڕئەنگێزی و شەڕفرۆشی پووتینە. ئەمەی کە پووتین پێیوایە هاتنی ناتۆ بۆ نزیک سنوورەکانی هەڕەشەیە لە سەر ڕووسیا هەڵقووڵاوی دوو دایردەی گرینگە یەکیان وەهمی پیلانە و دووهەم وەهمی جەمسەری دژبەری ڕۆژاوا بوونی سۆڤییەتە لە نەبوونی بنەما مەعریفییەکانی ئەم شوناسە.

## سەرچاوەکان:

Der Zerfall - :(٢٠١٣) Martin Malek,Martin ,Anna Schor-Tschudnowskaja
der Sowjetunion. Ursachen – Begleiterscheinungen – Hintergrunde.
Nomos Verlag, Baden-Baden
Die letzten :(٢٠١٨) Sabrow,Martin/ Susanne Schattenberg
Generalsekretare. Kommunistische Herrschaft im Spatsozialismus. Links
Verlag. Berlin

# سیاسەتی بە بەسیجکردنی کۆمەڵگە



**گەلاوێژ مێهفەر**

لە کاتی ڕاپەرینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ هەتاویدا، ئەرتەشی ئێران لە بەرانبەر جەماوەری خرۆشاو و خەڵکی ڕاپەریودا بێدەنگ بوو، ئەوە وای لە خومەینی کرد بەدوای سەرکەوتنی شۆڕش و هاتنەوەی بۆ ئێران، بیر لە هێزێکی دیکە بکاتەوە وەک ئەلتەرناتیڤێک لە بەرانبەر ئەرتەشدا هەر بۆیە بڕیاریان دا کە هێزێک بە ناوی «سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی» دروست بکەن.
سەرەتا وایان بانگەشە دەکرد، کە سوپا بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش دامەزراوە، بەڵام لەڕاستیدا، سوپای پاسداران بۆ بەرەنگاربونەوەی فکری نوێ و ڕێگریکردن لە جەماوەری ڕاپەریو لە بەرانبەر دەسەڵاتی نوێدا دروست بوو.
بێگومان یەکەمین و سەرەکیترین ڕێگاش پەنابردن بوو بۆ سیستمی سیخوری و بەکارهێنانی هێزە چەکدارەکان بە دژی دەنگی ناڕازی و دژبەرانی خۆیان. هەر بۆیە بە فەرمانی خومەینی ڕێبەری ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی ئێران کە بە دوای ماوەیەکی کورت لە دوای شۆڕش لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا بڕیاری دا ڕێکخراوی بەسیج کە یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی ژێرکۆمەڵەی سوپای پاسداران دابمەزرێنن.
بە گوێرەی مادەی ١٣ لە یاسای دامەزراندن لە سوپای پاسداران، بەسیج بەو کەسە دەگوترێ کە خۆبەخشانە پەیوەست دەبێت بە سوپای پاسداران بۆ دروستکردنی لەشکری بیست میلیۆنی.
ڕێکخراوی بەسیج توانی هێزەکانی بۆ سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکانی خەڵک و ئازادیخوازان، هەروەها بەشداری پێکردنیان لەو شەڕانەی کە سوپای پاسداران چ لە نێوخۆی وڵاتدا و چ لە دەروەی ئێران ئەنجامیان دەدا بەکاردێنێت.
ساڵانە بودجەیەکی یەکجار زۆر بۆ ئەم کارانە تەرخان دەکرێت. سوپای پاسداران توانی سەرنجی سەرکردەکانی ڕێژیمی نوێ بۆ خۆی ڕابکێشێت و ببێتە جێگای باوەڕی ئەوان بە تایبەتی لە دوای بەشداری کردنیان لە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا و هەروەها ڕۆڵی سەرەکیان لە شەڕی هێز و لایەنە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵکوژی خەڵکی بێتاوانی کوردستان، گرتن و ئێعدامی بە بێ دادگایی زیندانیانی سیاسی، بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر و بەتاڵانبردنی داهات و سەرمایەی کوردستان، بێڕێزیکردن و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی بیری نەتەوەیی و توانەوەیان لە نێو فەرهەنگ و زمان و کلتوری نەتەوەیی فارسدا، لە ئەنجامیشدا تەنیا دواکەوتوویی و سەرکوتکردنی خەڵکی ئەم ناوچەیەی بۆ خەڵک بە دیاری هێناوە.
خاڵێک کە جێگای ئاماژە و لێوردبوونەوەیە ئەوەیە کە ڕێژیم توانی بە دوای شۆڕشی گەلان لە ئێراندا، لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی وەکوو بەسیج کە ئەویش بۆخۆی چەندین بەشی لێدەبێتەوە، دروستکردن و زەقکردنەوەی ناکۆکی فەرهەنگی، زمانی، مەزهەبی، هەروەها لەناوبردنی یەکڕیزی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی گەلانی ئێرانی کردە ئامانج، لە ناویاندا عەقلیەتی دوژمنایەتی پەرە پێدا، ئەوەش بوو بە هۆی تێکچوونی متمانە لەناو هێزە شۆڕشگێڕەکان، کە هەرکامیان نوێنەرایەتی و ڕێبەرایەتی بەشێک لە کۆمەڵگای ئێرانیان دەکرد.
سەرباری ئەو هەموو قەیرانە ئابووری و سیاسی و یاساییانەی کە لە سایەی سیاسەتە هەڵەکانی کۆماری ئیسلامی وڵاتی گرتۆتەوە، کەچی ئەوە نەبۆتە ڕێگر کە ڕێژیم واز لەم کارانەی بێنێت، ڕۆژانە بە بەردەوامی لە هەوڵی دروستکردنی ناکۆکی لە ناو نەتەوە و ئایین و مەزهەبە جیاوازەکانی ژێر دەسەڵاتیەتی.

**لە ڕێگای بەسیج توانیان کۆمەڵگا بێ کاریگەر بکەن**

دیاردەی بەسیج وەکوو ئۆرگانێکی نیزامی کە لە بەفرانباری ١٣٥٩ هەتاویدا لە لایەن مەجلیسەوە پەسەند کرا،لەو ڕێکەوتەوە وەکوو هێزێکی نیزامی بە سوپای پاسدارانەوە زیاد بوو، لە بواری کاریشدا هەمیشە لەژێر چاوەدێری سوپادا بووە. بەسیج لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق لە کارەکانی خۆی نەوەستا، چالاکی خۆی لە چوارچێوەی سیخوڕی و مانۆری نیزامیدا پەرەپێدا. بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگا بە گشتی بێ کاریگەر بێت، پرۆژەی «بەسیجی جەماوەری» یان پێشخست. بەمە بێ باوەڕییان لە نێو گۆڕەپانی ژیان و کۆمەڵگە و تەنانەت بنەماڵەکانیش دروستکرد. ڕێکخراوی بەسیجیان فراوانتر کرد و چەندین بەشیان لێ دروستکرد، بۆ نموونە بەسیجی قوتابیان، بەسیجی خوێندکاران، بەسیجی ژنان، بەسیجی کارمەندان، بەسیجی کۆمەڵگەی پزیشکی، .... هتد. مەبەست لە بەسیجکردنی خەڵک بە واتای پاراستنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و تەکڕەوی کۆماری ئیسلامی ئێرانە لە ڕێگای سیخوری ناوخۆیی، دەرەکی بۆ ماوەی درێژخایەن کە لە ڕێگای دروستکردنی ئەو هەموو بەشەی بەسیج دەتوانین بڵێین بەسیج هێزێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، لە منداڵان و ژنانەوە بگرە تا دەگاتە مامۆستایان، کرێکاران، دوکتورەکان، مامۆستایانی ئایینی ...هتد.
هیچ سیستمێکی دیکە لە هیچ شوێنێکی جیهان و هیچ ڕێژیمێکی دیکە وەکوو کۆماری ئیسلامی ئێران، بەمشێوەیە لە ڕێگەی ڕێکخراوێکی وەکوو بەسیج خۆی بەڕێکخستن نەکردووە و سیخوریکردنی کۆمەڵگای بە بنەما نەگرتووە.

**پارەی بێدەنگکردن**

لە ماوەی چوار دەیە لە چالاکی ڕێکخراوی بەسیج کە توانی خۆی بخاتە نێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و لەمپەری گەورە بخاتە بەر ڕێگای بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا و بیری ئازادی و پێشکەوتنخوازیش لە نێو ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەتایبەتی سەرکوت بکات. لەو ماوەیەدا بارودۆخێکی وای هێناوەتە ئاراوە کە هەرکەس کارتی بەسیجی پێنەبێت و لە ڕێکخراوی بەسیجدا ئەندام نەبێت لە هیچ شوێنێک کارەکانی بۆ ناچێتە پێش و ئاستەنگی بۆ دروستدەکرێت. جگە لەمەش لە نێو ئەندامانی بەسیجدا دەستە دەستەیان دەکات، بە بەسیجی چالاک، نێوەنجی و ڕەشایی. دەستەی یەکەم هەندێک ئیمتیازیان پێدەدات و دانەخۆرەیان دەکات. دەستەی دووهەم هۆشدارییان پێدەدات کە نەیانتوانیوە ئەرکی خۆیان بەباشی بەجێ بگەیەنن. دەستەی سێیەم سەرکۆنەیان دەکات کە دەبێت چالاک بن هەتا بتوانن ئیمتیاز وەربگرن. لەبەرامبەر پارەدا بێدەنگیان دەکات، دەرونیان بریندار دەکات کە ناچار دەکرێن ملکەچی فەرمانی ئەوان بن نەکا موچەکەیان لێ ببڕن. بەمە دەڵێن پوڵی بێدەنگکردن واتە سڕکردنی بیری وڵات، لە بەرانبەر بڕە پارەیەکی شەرمەزاری. هاووڵاتیانی ئێمە ناچارکراون بۆ ئەوەی کارەکانیان بڕواتە پێش بێدەنگ بن. بەڵام بۆ بێدەنگ بین؟ تەنیا ئەگەر بێتو ئەو بودجەیەی کە ساڵانە بۆ ڕێکخراوی بەسیج تەرخان دەکرێت، لە دروستکردنی کارخانەیەک لە یەکێک لە شارە کوردییەکان بەتایبەت شارە سنوورییەکانی وەکوو پیرانشار و بانە و سەردەشت تەرخان بکردرێت، کە سەرباری ئەو هەموو سامانە سروشتیانەی لەو ناوچانەدا هەنە، کەچی ڕۆژانە بە هۆی بێکاری و خراپی باری گوزەرانیان شاهیدی کوژرانی کۆڵبەرین کە خەڵکی ناچارن بۆ بەدەستهێنانی نان ڕێگای مەرگ هەڵبژێرن و کاری کۆڵبەری لەسەر سنوورەکان بکەن، کە بەداخەوە زۆر بێبەزەییانە و بە تەقەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم شەهید دەکرێن یان کەمئەندام دەبن و بارودۆخی ژیانیان دوبەرابەر خراپتر دەبێت. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوە مافی مرۆڤییەکانی کوردستان لە ماوەی ئەمساڵدا لانیکەم ٥٢ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە سەر سنوورەکان و ١٣ هاووڵاتی مەدەنی بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی ئێران کوژراون.
لاوان کە بە دینامیزمی کۆمەڵگا دادەنرێن و هەمیشە هێزێکی نوێخواز و بەستێنسازن، ڕۆڵی کاریگەریان هەیە و پێویستە چیدیکە بەم سیستمە دواکەوتوو و دیکتاتۆرە ڕازی نەبن و بیری نوێخوازی و گۆڕانخوازی خۆیان پەرەپێبدەن و باشترین میکانیزمیش بۆ کۆکردنەوەی وزە و تواناکان، بۆ لێکنزیکبوونەوەی بیرە جیاوازەکان ڕێکخستنە.
تاوەکوو هەنگاو بەرەو گەشەکردنی زیاتر و چالاکبوونی پتر هەڵبنێین، با چیدیکە نەبینە قوربانی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی و دەنگەکانمان لێ کپ نەکرێت.

**ڕێژیم توانی بە دوای شۆڕشی گەلان لە ئێراندا، لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی وەکوو بەسیج کە ئەویش بۆخۆی چەندین بەشی لێدەبێتەوە، دروستکردن و زەقکردنەوەی ناکۆکی فەرهەنگی، زمانی، مەزهەبی، هەروەها لەناوبردنی یەکڕیزی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی گەلانی ئێرانی کردە ئامانج، لە ناویاندا عەقلیەتی دوژمنایەتی پەرە پێدا، ئەوەش بوو بە هۆی تێکچوونی متمانە لەناو هێزە شۆڕشگێڕەکان، کە هەرکامیان نوێنەرایەتی و ڕێبەرایەتی بەشێک لە کۆمەڵگای ئێرانیان دەکرد**

**وێستگە**

# ژنان و ٨ی مارس




**نووسین: هێمۆ**

لە حاڵێکدا خەریکین لە ٨ی مارس، واتە ڕۆژی جیهانیی ژنان نزیک دەبینەوە کە بە دەیان ژنی ئازادیخوازی کورد هەر ئێستا لە ژێر سەختترین و دڕندانەترین ئازار و گوشارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەسەردەبەن.
ژنانێک کە بەپێچەوانەی ژنانی کرێکاری کارگەکانی ڕستن و چنین لە نیۆیۆرک بە دروشمگەلی جیاوازی نەتەوەیی و مرۆیی هاتوونەتە مەیدانی خەباتەوە و هەموو هەوڵ و توانای خۆیان خستووەتە گەڕ تاکوو بتوانن زامێک لە زامەکانی ژنبوونیان سارێژ بکەن.
هەموو ساڵێک یادی ٨ی مارس وەکوو ڕۆژێکی گرینگ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەکرێتەوە، ئەمساڵ ٤٥ ساڵ بەسەر ناودێرکردنی ئەم ڕۆژە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە تێدەپەڕێت، بە واتایەکی تر نزیک بە نیو سەدەیە کە ئەم ڕۆژە هەیە، باس لە مافەکانی ژنان دەکرێت، باس لە ئازارەکانیان دەکرێت و هەموو ساڵێکیش پێ لە سەر ئەوە دادەگیرێت کە دەبێ مافی ژنان دەستەبەر بکرێ، بەڵام پرسیاری جەوهەری ئەمەیە کە بۆچی تاکوو ئێستا دۆخی نالەباری ژنان کۆتایی پێ نەهاتووە؟! بۆچی هەر جارەو لە قوژبنێکی ئەم جیهانە پان و بەرینەدا هەواڵی ئازار و چەرمەسەرییەکی دیکەی ژنان بە گوێی مرۆڤایەتیدا دەچرپێت و هیچ کەسیش لێی بەرپرسیار نییە؟!
زۆرجار بە وتنی ئەم ڕستەیە کە لەوەتەی مرۆڤایەتی هەبووە، توندوتیژی و نایەکسانی بەرانبەر بە ژنانیش هەبووە ئاو بە سەر ئاگردا دەکرێت و هیچکەس ناپرسێ ئەی بۆچی ئەمە تەنیا بۆ ژنان وایە؟
ئەوەی کە پاش ٤٥ ساڵ لە ناودێرکردنی ڕۆژی جیهانیی ٨ی مارس و ئەو هەموو چالاکییە جۆراوجۆرەی کە لە سەرتاسەری جیهاندا بەنیسبەت ئەم ڕۆژە و پرسی مافی ژنان دەکرێت هێشتا ژنان لە دۆخی چاخی بەردیندا دەژین، نیشان دەدات کە نە هەوڵەکانی چالاکانی ئەم بوارە و نە پێداگریی دەسەڵات و ناوەندە جیهانییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ نەیانتوانیوە ڕێگاچارەیەکی باش و گونجاو بۆ ئەم پرسە بدۆزنەوە.
لەڕاستیدا مافی ژنان لە مافی مرۆڤ جیا نییە و ئەوەی کە بۆ ژنان بکرێت بێگومان لە ڕاستای بەختەوەریی کۆمەڵگای جیهانیدایە، بۆیە ئەو ئەرکە لە سەر شانی تاک بە تاکی مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوییە.
دیارە ناکرێ وەکوو نەزمێکی جیهانی یان یاسایەکی گشتگیریش باس لە ڕەچاوکردنی مافەکانی ژنان بکرێت چونکە هەندێک دەسەڵات هەن کە قازانجیان لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و بەتایبەتیش ژناندایە و پەیوەست بە هیچ کۆنوانسیۆنێکی تایبەت بەم پرسەوە نابن، لەلایەکی دیکەشەوە نەبوونی یاساکان و بەرپرسایەتیی یاسایی وا دەکات کە هەندێک مرۆڤ بەنیسبەت ئەوانی دیکە هیچ چوارچێوە و مافێک نەپارێزن و بە بەردەوامی هەوڵ بۆ خاڵیکردنەوەی گرێیە دەروونییەکانی خۆیان بدەن جا ئەگەر ئەمە بە نرخی ئازاردانی توێژێکی تایبەتی کۆمەڵگاش بێت لایان گرینگ نییە.
کەوابوو نەک تەنیا ڕۆژی ٨ی مارس بەڵکوو هەموو ڕۆژەکانی ساڵیش بۆ بایەخدان بە مافەکانی ژنان و ئاگادارکردنەوەی خەڵک و بەتایبەتیش خودی ژنان لە مافەکانیان کەمن؛ کەم چونکە لە ماوەی ئەم نیو سەدەیەدا و وێڕای پاڵپشتیی بەهێزی زۆر ڕێکخراوی جیهانیش لە لابردنی ئەم هەڵاواردن و نایەکسانییە هێشتا ژنان دۆخیان نالەبارە، سەر دەبڕدرێن، لەتلەت دەکرێن، ئاگریان تێبەر دەدرێت، لە مافی دایکایەتی بێبەش دەکرێن، مافی هاوسەرگیرییان نییە، مافی خوێندنیان لێ زەوت دەکرێت، ناتوانن ئازادانە و بە دڵخوازی خۆیان بژین و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش دۆخەکە خراپتر دەبێ، وەک بڵێی مرۆڤایەتی خەریکە بەرەو پاش دەچێتەوە!
لەمبارەوە ڕۆڵی خودی ژنان نابێ لە بەرچاو نەگیردرێت، لە کوردستانی داگیرکراودا، ڕاستە کە بەشێکی زۆری نائاگایی ژنان بەنیسبەت مافەکانیان تاوانی دەسەڵاتە و ئەوە ئیدئۆلۆژیی حاکم بە سەر کۆمەڵگایە کە ڕێچکە دیاری دەکات و لە ڕێگەی قوتابخانە و میدیا و دەنگەبەرەکانەوە هەوڵ دەدات ژنان لە مافەکانیان دوور بکاتەوە بەڵام ئەی ژنانی ئازادیخوازی ئەم کوردستانە لە کوێوە هاتوون؟ مەگەر ئەوانیش هەر لە ژێر سێبەری ئەو دەسەڵاتە داگیرکەرەدا نەژیاون؟ ئەی مەگەر ئەوانیش ستەمیان بەرانبەر نەکراوە؟ ئەی چۆنە کە ئەوان بینیویانە، هەستیان پێ کردووە و هەندێکی دیکەش نا؟!
چەوسانەوەی ژنی کورد ڕەوتێکی مێژوویی پێواوە، هەر بۆیە خۆگێلکردن لەم پرسە لەڕاستیدا تاوانێکی گەورەیە، لە سەردەمی ئێستادا ناکرێ بێئاگا لە دەوروبەر بین و ژنانیش لەم ڕەوتی بەرەو جیهانیبوون و گەشەی زانیارییە بێبەش نین، بۆیە نەک تەنیا ٨ی مارس بەڵکوو هەموو ڕۆژەکان دەبێ ببنە دەرفەت بۆ دەنگهەڵبڕین بە دژی ستەم و نایەکسانی و نادادپەروەری.
ڕۆژی ٨ی مارس، ڕۆژی پێداگریی هەزار بارەیە لە سەر مافەکانی ژنان و بۆ ئێمەی ژنی کوردیش ڕۆژی هەستانەوەیەکی هەزارجارە، چونکە هەر ئێستا بە دەیان ژنی تێکۆشەرمان لە ژێر گوشاری کۆماری ئیسلامیدان و بە دەیان ژنی ئازاشمان وەکوو پێشمەرگە پێداگری لە سەر مافی نەتەوایەتیمان دەکەن، هەر بۆیە ڕێزگرتن لە ٨ی مارس لای ئێمە واتە پێداگریمان لە سەر مافەکانمان و ڕێکخستنی تاکەکانی کۆمەڵگا لە سەر ئەو باوەڕە کە ژیان بێ ژن نابێ و وەکوو مرۆڤ دەبێ هەموو بە یەکسانی بژین.

# دواهەوڵەکان بۆ بەرجام و کاریگەریی شەڕی ئۆکراینا



موعتەسەم نوورانی

وتوویژەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی خاوەن بڕیار ( ڕووسیە، چین، فەڕانسە، بریتانیا و ئاڵمان) لە ڤییەن، بۆ زیندووکردنەوەی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی ساڵی ٢٠١٥ی زایینی، ناسراو بە بەرجام، کە دۆناڵد ترامپ سەرکۆماری ئەو کاتی ئامریکا لە مانگی مای ٢٠١٨ تاکلایەنە لێی هاتە دەر و گەمارۆی قوورسی ئابووریی بەسەر ئێراندا سەپاند، گەیشتووەتە قۆناغێکی جیددیتر.

کێشە و ململانێیەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر و ئاڵۆزتر بوون و ئێرانیش وردە وردە دەستی کرد بە پێشێلکردنی زیاتری بەندەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە و پوختەکردنی زیاتری ئۆرانیۆم.

لە مانگی ئاوریلی ٢٠١٩ ئامریکا سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی، خستە نێو لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان کە لە چەشنی خۆیدا کەموێنە بوو و وەک دەڵێن ئەوە یەکەم جار بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بەشێک لە وڵاتێکی دیکە بخاتە نێو لیستی تیرۆر و گەمارۆی ئابووریی بەسەردا بسەپێنێ؛

ئێران بە گەمارۆی ئابووری سەر سوپای پاسداران زۆر تووڕە بوو. گۆڤاری نیوزویک لە وتارێکدا نووسیی: «دوای ئەوەی لە مانگی مەی ٢٠١٩ هێزەکانی ئامریکا زانیارییان پێگەیشت، کە ئێران و گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ئێران، لە عێراق و سووریە، خۆیان بۆ هێرشکردنە سەر هێزەکانی ئامریکا ئامادە دەکەن ئەو هەواڵە کاردانەوەی بۆ ئامریکا دروست کرد. ئامریکا چەند فڕۆکەی بۆمبهاوێژی B٥٢، کە توانای هەڵگرتنی بۆمبی ئەتۆمیان هەیە، لەگەڵ گرووپێکی هێرشبەر و ناوی فڕۆکەهەڵگر و باتری زیادیی بۆ موشەکە پاتریۆتەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دامەزراند. هەر لە هەمان حەفتەدا ئێرانیش کاتێکی دیاریکراوی ٦٠ڕۆژە بو پارلمانی ئورووپا دیاری کرد کە ئەگەر گەمارۆ ئابوورییەکان هەتا ئەو ماوە دیاریکراوە، لانەچن ئێران دەست دەکاتەوە بە پیتاندنی ئورانیوم.»

ئەو کێشە و ململانێیانە گەیشتنە ئاستی پڕ توند و ئاڵۆز لە نێوان هەردووک لادا؛ لە ڕۆژی ٣ی ژانوییەی ٢٠٢٠ ئامریکا لە ڕێگای هێرشی پەهپادیی بۆ سەر فڕۆکەخانەی بەغدا قاسم سولەیمانی فەرماندەی سوپای قودس و ئەبوو مەهدی موهەندس فەرماندەی حەشدی شەعبی و ١٠ کەسی دیکە لە هێزکانی ڕێژیم کوژران. بەڵام دوای هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئامریکا کە جۆ بایدن بوو بە سەرکۆمار تا ڕادەیەک بارودۆخەکە ئارام کرایەوە و دووبارە ئامریکا ڕایگەیاند بەچەند مەرجێک ئامادەیە، بگەڕێتەوە بۆ نێو بەرجام.

ئێرانیش کە بەهۆی بارودۆخی نالەباری ناوخۆیی و گوشاری گەمارۆ ئابوورییەکان لە دۆخێکی شپرزەدا بوو ڕایگەیاند ئەگەر ئامریکا گەمارۆکان هەڵبگرێ ئامادەیە بگەڕێتەوە سەر مێزی وتوویژ. هەرچەندە، ئێران لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی حەسەن ڕووحانی هەوڵی دا کە دووبارە بگەڕێتەوە سەرمێزی دانووستان بەڵام کە برایمی ڕەییسی بوو بە سەرکۆمار لە سەرەتادا خۆی لە هەرچەشنە، وتووێژێک پاراست، بەڵام ئەویش ناچار بوو تیمی دانووستانکار بنێرێتەوە سەر مێزی وتوویژ لە ڤییەن. چونکە بارودۆخی ئابووریی ئێران زۆر شپرزەتر لەوە بوو کە بیری لێ دەکردەوە.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکانی ناوخۆ و دەرەوە لە سایەی سەری ئاخوندەکانی دەسەڵاتداردا، زیادتر لە ٥٥٪ی دانیشتووانی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. لەگەڵ ئەوەش، ڕێژیمی دەسەڵاتداری ئێران بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی هەڵەی کاربەدەستانی، هەرگیز گوێی لە هاواری خەڵکی هەژار ڕاناگرێ.

جێگای ئاماژەیە، هەر لە سەرەتادا دەسەڵاتدارانی ئێران، باوەڕیان بە هەر چەشنە دانووستان و دیالۆگێک لەگەڵ ئامریکادا نەبووە. ئەوان دەڵێن سوڵتەی ئامریکا دەبێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کۆتایی پێ بێ. ئێران لەو وتووێژانەدا تەنیا ئامانجی کات کوشتنە. هەر ڕۆژەو بیانوویەک دێنێتەوە. هەروەک جی سەلەمون سەرۆکی هەواڵدەریی بەشی کاروباری دەرەوە بۆ ڕۆژنامەی واڵ ستریت ژورناڵ لە کتێبی شەڕەکانیی ئێراندا دەنووسێ: «لەڕاستیدا هەموو کات ئامریکا پێش قەدەم بووە بۆ ئاشتی؛ بەڵام ئێران خۆی بواردووە، دوای ئەوە، باراک ئۆباما بوو بە سەرکۆمار ٤ جار نامەی بۆ ئایەتوڵڵا خامنەیی ڕێبەریی باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئێران نووسی کە ئامریکا ئامادەیە لەسەر پرۆگرامی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران وتوویژ بکات و گەمارۆ ئابوورییەکان لەسەر ئێران لابەرێ! بەڵام ئێران ئامادە نەبوو بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئامریکا ئاشت ببێتەوە و دۆستایەتی بکا. ئەوان هەموو کات بە چاوی دوژمن سەیری ئامریکا و بەرژەوەندییەکانی ئامریکایان کردووە.»

**ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران هەموو ئومیدیان بەوە بەستووە کە ڕووسیە، ئۆکراینا داگیر بکات و لەو ڕێگایەوە بتوانن بە پشتیوانی ڕووسیە و لە ژێر سێبەر و تارمایی ئەو شەڕەدا درێژە بە بەرنامە ئەتۆمییەکەیان بدەن و زیاتر دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتاندا بکەن و هەروەها لە ناوچەدا لە هێرش و داگیرکارییەکانی خۆیان بەردەوام بن**

تەنانەت دوای ڕێککەوتننامەی بەرجام ئێران پێوەندییەکانی لەگەڵ ئامریکا ئاسایی نەکردەوە. ئێران هەمووکات هەوڵی داوە بەرەو ڕۆژهەڵات بڕوات. لەگەڵ ڕووسیە و چین دۆست و هاوپەیمان بێ بەڵام سیاسەتی ڕووسیە نیسبەت بە ئێران هەمووکات پڕ بووە لە هەڵبەزودابەز و دوور لە واقعیەت؛ هەر لەم ڕاستایەشدا بە چاوی سووک سەیری کاربەدەستانی ئێران دەکات کە سەفەری ئەو دواییانەی برایمی ڕەییسی، سەرکۆماری ڕێژیمی ئێران بۆ ڕووسیە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە لە ناوخۆی ئێراندا کاردانەوەی توندی لێکەوتەوە؛ بەڵام بەهەموو سووکایەتییەکانی ڕووسیە قایلن چونکە هەر دوولا لەسەر چەند خاڵ هاوبەش و هاوڕان، هەم ئیدئۆلۆژیی پوتین و هەم ئیدئۆلۆژی خامنەیی دژی ئازادی، دێموکراسی، مافی مرۆڤ و بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانن.

دوای هێرشی دڕندانەی سوپای ڕووسیە بۆ ئۆکراینا ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی هەست و سۆزی خۆیان سەبارەت بە ڕووسیە نەشاردەوە. خامنەیی ڕێبەری باڵا، برایم ڕەییسی سەرکۆمار و بەشێکی زۆر لە کاربەدەستانی باڵای ڕێژیم بەڕاشکاوی پشتیوانی خۆیان لە ڤڵادیمێر پوتین نیشان دا و هەموو خەتاکانیان خستە سەر شانی ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژاوایی و ئامادە نەبوون ئیشارە بە دڕندەیی و مرۆڤکوژییەکانی پوتین بکەن و دەستدرێژیی و وێرانکارییەکانی مەحکوم بکەن کە زۆر بێبەزەییانە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەی ئۆکراینا بۆمباران و موشەکباران دەکات و ماڵ و حاڵیان لێ کاول دەکا و لە هیچ جینایەتێک دەست ناپارێزێ.

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران هەموو ئومیدیان بەوە بەستووە کە ڕووسیە، ئۆکراینا داگیر بکات و لەو ڕێگایەوە بتوانن بە پشتیوانی ڕووسیە و لە ژێر سێبەر و تارمایی ئەو شەڕەدا درێژە بە بەرنامە ئەتۆمییەکەیان بدەن و زیاتر دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتاندا بکەن و هەروەها لە ناوچەدا لە هێرش و داگیرکارییەکانی خۆیان بەردەوام بن.

ڕۆژی ١١ی ڕەشەممەی ١٤٠٠ی هەتاوی ڕۆژنامەی واشینگتۆن پۆست سەبارەت بە هێرشی ڕووسیە بۆ ئۆکراینا لە وتارێکدا سەبارەت بە کاریگەریی و سێبەری شەڕی ئۆکراینا لە سەر کۆبوونەوەی ڤییەن بۆ زیندووکردنەوی بەرجام، نووسی: «هێرشی ڕووسیە بۆ سەر ئۆکراینا سێبەری خستە سەر وتوویژەکانی ڤییەن، بۆ بووژاندنەوەی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی ئێران، بۆ ئەو مەودا دیاریکراوەی کە دەبوو هەتا ڕۆژی سێشەممە بگەنە ڕێککەوتنێک؛ بۆ ئەوە کە ئامریکا بگەڕێتەوە ناو بەرجام و ئێرانیش هەموو خاڵەکانی ڕێککەوتنامەکە بەجێ بگەیەنێ کە دەبوو هەتا کۆتایی مانگی فێوریە، ڕێککەوتننامەکە بە ئەنجام بگات. دیپلۆماتە بەشداربووەکانی وتوویژەکانیش دەڵێن، دانووستانکارانی ئێرانی لە سەفەری کۆتایی حەفتەدا کە گەڕانەوە، کۆمەڵێک داواکاریی قوورستریان لەگەڵ خۆیان هێناوە بۆ ڤییەن. ئەمەش دوای هێرشی ڕووسیە بۆ سەر ئۆکراینا؛ ئێران داوای ئیمتیازی زیادتر دەکا. ئەوەش بەشداربووانی کۆبوونەوەکانی بێ هیواتر کردووە. دیپلۆماتە دانووستانکارە ئورووپاییەکان هۆشداریان دابوو بە ئێران، کە ئەگەر هەتا ڕۆژی دووشەممە نەگەنە هیچ ڕێککەوتنێک ڤییەن بەجێدێڵن و دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان. ڕۆژی دووشەممە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکاش هاتە سەر ئەو باوەڕە کە ئێران خەریکی کات کوشتنە، نێد پرایس وتەبێژی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئامریکا، لە واشینگتۆن بە هەواڵدەرییەکانی ڕاگەیاند: ئەگەر ئێران لە وتوویژەکاندا داهاتوو بیانوو بگرێ، دەوڵەتی جۆ بایدن ئامادەیە لە وتوویژەکان بکشێتەوە.»

**بەگشتی ئێران خوازیاری لابردنی هەموو گەمارۆ ئابوورییەکانە کە لە سەردەمی دەوڵەتی دۆناڵد ترامپدا بەسەریدا سەپا بەڵام ئامریکا دەڵێ ئەوان تەنیا ئەو گەمارۆ ئابوورییانە لادەبەن کە پەیوەندی بە بەرجامەوە هەیە. ئەو گەمارۆیانەی کە بەهۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بەسەر ئێراندا سەپاون، یان ئەو گەمارۆیانەی کە پێوەندییان بە پشتیوانیکردنی تیرۆریزم لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە هەیە وەک خۆیان دەمێننەوە**

بەگشتی ئێران خوازیاری لابردنی هەموو گەمارۆ ئابوورییەکانە کە لە سەردەمی دەوڵەتی دۆناڵد ترامپدا بەسەریدا سەپا بەڵام ئامریکا دەڵێ ئەوان تەنیا ئەو گەمارۆ ئابوورییانە لادەبەن کە پەیوەندی بە بەرجامەوە هەیە. ئەو گەمارۆیانەی کە بەهۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بەسەر ئێراندا سەپاون، یان ئەو گەمارۆیانەی کە پێوەندییان بە پشتیوانیکردنی تیرۆریزم لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە هەیە وەک خۆیان دەمێننەوە. لەسەریەک ئێران، دوای شەڕی ئۆکراینا و ڕووسیا هەڵوێستی گۆڕیوە؛ ئورووپا و ئامریکاش بۆیان دەرکەوتووە کە ئێران خەریکە وردە وردە لە بەڵێنەکانی بکشێتەوە، لەبەرامبەریشدا دەسەڵاتدارانی تاران، ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژاوایی تاوانبار دەکەن بە هەوڵدان بۆ سەرنەگرتنی بەرجام؛ هەر ئەمانەش وایان کردووە کە دوورەدیمەن و بەرجەوەنی ڕێککەوتنی ئەتۆمی نێوان ئێران و ئامریکا زۆر لێڵ و نادیارتر لە پێشوو بێ.

# ئۆکراینا له نێوان ململانێی ڕووسیا و ڕۆژاوادا



کەیهان یووسفی

گریمانەکان ئەوە بوون که قەڵای ڕووسیا له دوای ڕووخانی سۆڤیەت ئیدی توانای بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بەرەی ڕۆژاوای نەماوە و ناتوانێت پێش له پەرەسەندنی شارستانیەتی جیهانی ئازادی ڕۆژاوایی بگرێت بەڵام ڕووسیا له ڕۆژی ٢٢ مانگی فێڤرییەدا فەرمانی به هێزه سەربازییەکانی کرد تا ئۆکراینا داگیر بکەن، شەڕ دژی ئۆکراینا کۆتاییهاتنی سەبری ڕووسیا له بەرانبەر ڕۆژاوادا بوو.
قەیرانی ئۆکراینا له ساڵی ٢٠١٣وه زۆر جیددی بوو؛ کاتێك ئۆپۆزسیۆنی سەرکۆماری ئەم وڵاته یۆناکۆویچ دژی ئەو، ڕژانه سەر شەقام و دوایی له ٢٢ فێڤرییەی ساڵی ٢٠١٤دا، سەرکۆمار ناچار بوو ئۆکراینا بۆ ڕووسیه بەجێ بهێڵێ و لایەنگرانی ڕۆژاوا دەسەڵاتیان گرته دەست. وەکوو پەرچەکردار ڕووسیا نیمچەدوورگەی کرایمای داگیرکرد و ٦ ساڵ دواتر هەر لەو ڕۆژەدا هێرشی کرده سەر ئۆکراینا. لەم نووسینەدا به دوای وەڵامدانەوە بەم پرسیارەداین که هۆکاری هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا و گرنگی ئەم وڵاته بۆ ڕووسیا و ڕۆژاوا له چیدایه؟
سیستمی سیاسی ڕووسیا دوای سۆڤیەت دەرگای بەڕووی جیهانی لیبراڵدا کردەوە و پێوەندی ئابووری و دیپلۆماسی و... لەگەڵیان دامەزراند؛ له هەمانحاڵدا و دواتر دەسەڵات لەم وڵاته پێناسەی خۆی دا به تاکێک که سیستمی سیاسی ڕووسیا خەونی ڕۆڵگێڕانی نێونەتەوەیی ئەم وڵاتەی وەکوو زلهێز له ئەودا دەبینێ واته ڤێلادیمێر پووتین. پووتین بۆ مانەوەی ڕووسیا وەکوو زلهێز ستراتێژی «له نێو ڕۆژاوا، لەگەڵ ڕۆژاوا و دژی ڕۆژاوا»ی ڕەچاو کردووە.
ڕووسیا دەیهەوێت له نێو جیهانی ڕۆژاواییدا بوونی هەبێ هەر بۆیەش پێوەندی قووڵی ئابووری و ... لەگەڵ ڕۆژاوا و بەتایبەت ئۆرووپادا هەیه و له هەمانحاڵیشدا دەیهەوێت وەک زلهێز سەیری بکرێت و بەپێی مەرجەکانی خۆی بجووڵێتەوە، دەیهەوێت به سیستمێکی دژەڕۆژاوایی له نێوخۆ، له دڵی ڕۆژاوادا ڕۆڵی هەبێت.
دوای ڕووخانی سۆڤیەت، جیهانی ڕۆژاوا به ڕێبەری ئامریکا له چوارچێوەی هاوپەیمانی ناتۆدا پەرەی به گەورەکردنەوەی هاوپەیمانییەکەی خۆیدا. گۆڕەپانی ئەم گەورەبوونەوەش وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا و هاوپەیمانی پێشووی ڕووسیا بوون. ڕووخانی سۆڤیەت سەرکەوتنی گەورەی ڕۆژاوا بوو، سەرکەوتنێك که هێشتا به کۆتایی نەگەیشتبوو.

**ویلایەته یەکگرتووەکانی ئامریکا بۆ پەرەپێدانی دیمۆکراسی و بەها ڕۆژاواییەکان له ساڵی ١٩٩١ تا ٢٠١٣، پێنج میلیارد دۆلاری له چوارچێوەی ٦٠ پرۆژەدا سەرمایەگوزاری کردووە**

ناتۆ که پارێزەری ئەمنیەت و بەرژەوەندی ئامریکا و بەتایبەتی ڕۆژاوای ئۆرووپا بوو دەبوا پشتوێنی ئەمنی خۆی له ڕۆژهەڵاتی ئۆرووپا و قووڵایی ستراتژیکی ڕووسیادا بەهێز بکردبایەت و پەرەی به دیمۆکراتیزەکرانی وڵاتانی سەر به سۆڤیەتی پێشوو بدایەت.

**ڕووسیا هەنووکه دوژمنی ستراتیژیکی ئامریکا وەکوو شەڕی سارد به ئەژمار نایەت و چاوی ئامریکا زیاتر له سەر وڵاتی چینه تا ڕووسیا. هەر بۆیەش دەستێوەردانی ئامریکا له شەڕی ڕووسیا و ئۆکراینا تا ئێستا تەنیا یارمەتی چەکوچۆڵ، زانیاری و ماڵی بووە**

**بۆ گەیشتن بەم مەبەستەش سێ ڕێگای له بەردەستدا بوو:**
**- ئەندامبوونی ئەو وڵاتانه له ناتۆ**
**- ئەندامبوونی ئەو وڵاتانه له یەکیەتی ئۆرووپا**

**ئۆکراینا له بواری ستراتیژیکەوە خاوەن گرنگییەکی زۆره بۆ ڕووسیا و ڕووسیا به هیچ شێوەیەک نایهەوێت ڕادەستی ناتۆی بکات و لەم شەڕەدا ڕووسیا دەیهەوێت ئۆکراینا ڕازی به قەبووڵکردنی خواستەکانی بکات، یا ئۆکراینا به تەواوەتی داگیر بکات که وێدەچێت ئەمه بۆی زۆر ئەستەم بێت، یان بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری ئۆکراینا داگیر بکات و دەستڕاگەیشتنی ئۆکراینا به زەریای ڕەش دابخات تا له کۆتاییدا ناچاری بکات خواستەکانی قەبووڵ بکات و ئەگەر نا ئەو ناوچانه بخاته سەر خاکی ڕووسیا**

**- بەهێزکردنی سیستمی دیمۆکراسی لەو وڵاتانەدا**

له ناوەڕاستەکانی دەیەی ٩٠ی زایینیەوە ڕێبەرانی ڕووسیا نیگەرانی خۆیان لەمەڕ گەورەبوونەوەی ناتۆ دەربڕیوە، بەڵام لەو کاتەدا ڕووسیا توانای پەرچەکرداری جیددی نەبوو. له بۆردمانی ناتۆ له ساڵی ١٩٩٥ له بۆسنیا و هێرزگۆوین سەرکۆماری ئەوکاتی ڕووسیا یلسین وتی: «ئەمه هێمای ئەو شتەیه که دەتوانێ ڕووبدات کاتێك ناتۆ نزیکی سنوورەکانی ڕووسیا ببێتەوە.»
له ساڵی ١٩٩٩دا وڵاتانی پۆڵەند، هەنگاریا و چێك بوون به ئەندامی ناتۆ و پێنج ساڵ دواتر واته له ساڵی ٢٠٠٤دا وڵاتانی دیکەی ڕۆژاوای ئۆرووپا واته بۆلگاریا، ئێستۆنیا،لاتڤیا، لیتوانیا، ڕۆمانیا، ئیسلڤاکیا و ئیسلۆڤۆنی بوون به ئەندامی ناتۆ. کۆی ئەم وڵاتانه سەر به بەرەی سۆڤیەت و دژ به بەرەی ڕۆژاوا و ناتۆ بوون له سەردەمی پێش ١٩٩١دا.
ڕووسیا بێدەنگی خۆی له ساڵی ٢٠٠٨دا شکاند؛ کاتێك له کۆبوونەوەی بۆخارستی پێتەختی ڕۆمانیا له ساڵی ٢٠٠٨، ناتۆ باسی ئەندامبوونی دوو وڵاتی ئۆکراینا و جۆرجیای (گورجستان) هێنایه بەرباس. جۆرج بوشی سەرکۆماریی ئەوکاتی ئامریکا پشتیوانی لەم کاره کرد و دوو وڵاتی فەرانسا و ئاڵمانیا له مەترسی پەرچەکرداری ڕووسیا دژایەتیان کرد.
جێگری وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەوکاتی ڕووسیا، ئێلکساندیر گرۆشکۆ وتی ئەندامبوونی ئەم دوو وڵاته هەڵەیەکی ستراتژیکی گەورەیه که دەتوانێت ئاسەواری خراپی ئەمنی بۆ ئۆرووپا به دواوە بێت. پووتینیش ئەم کارەی به هەڕەشەی ڕاستەوخۆ دژی ڕووسیا ناوبرد.
ئۆکراینا و جۆرجیا دوو قەڵای بەهێزی ڕووسیا بوون که ڕۆژاوا بۆ سەرکەوتن دەبوا داگیری بکردایەت.
هەروەها له ساڵی ٢٠٠٨دا یەکیەتیی ئۆرووپا گەڵاڵەیەکی بۆ گەورەبوونەوەی ئەم یەکیەتییه و بردنەسەرەوەی ئاستی خۆشبژێوی وڵاتانی ئۆرووپای ڕۆژهەڵات کردەیی کرد که سێرگێیی لاگرۆڤ وەزیری کاروباری دەرەوەی ڕووسیا، یەکیەتیی ئۆرووپای به ئەسپی ناتۆ ناو برد که خەریکی پەرەدان به کارتێکەری ناتۆیه له دڵی ڕووسیادا.
هێرشی ڕووسیا بۆ سەر جۆرجیا له ساڵی ٢٠٠٨ کاتێك سەرکۆماری جۆرجیا ویستی دوو ناوچەی خودموختاری ئابخازیا و ئوستیای باشوور لێك بخاتەوە، و ببێته ئەندامی ناتۆ، پەرچەکردار به دژی ناتۆ بوو. ڕووسیا دەستی به سەر ئەم ناوچانەدا گرت.
ڕۆژاوا بۆ سەرکەوتن به سەر ڕووسیادا، له ڕێگەی پەرەپێدان به کولتوور و بەها ڕۆژاواییەکان و درووستکردنی ئینتما له نێو کۆمەڵگای ئۆکراینا بۆ لای ڕۆژاوا و داکەندنی ئۆکراینا له ڕووسیا بەردەوام بوو.
به وتەی ڤیکتۆریا نۆلاند، جێگری بەشی کاروباری ئۆرووپا و ئۆراسیای وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا ( ٢٠١٥ تا ٢٠١٧)، ویلایەته یەکگرتووەکانی ئامریکا بۆ پەرەپێدانی دیمۆکراسی و بەها ڕۆژاواییەکان له ساڵی ١٩٩١ تا ٢٠١٣، پێنج میلیارد دۆلاری له چوارچێوەی ٦٠ پرۆژەدا سەرمایەگوزاری کردووە.
ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ له ئۆکراینا و هاتنه سەرکاری بەرەی سەر به ڕۆژاوا هەڕەشەیەکی جیددی بوون بۆ سەر هەیبەتی ڕووسیا و هەر بۆیەش هەڵوێستی جیددی ئەم وڵاتەی بەدواوە بوو.
ڕووسیا ،ئۆکراینا و بیلاڕووسیا وەکوو بەشێك له مێژوو و کولتووری ڕوسیای مەزن پێناسه دەکات و به ئاماژەکردن به هاوبەشیی زمانی، کولتووری و مێژوویی حازر نییه که به ئاسانی ڕادەستی ڕۆژاوای بکات. هێرشی ڕووسیه بۆ سەر ئۆکراینا به دژایەتی سیاسەتی ڕۆژاوا و ناتۆیه و ئەمه دوای ئەوە ڕووی دا که له مانگی دێسامبری ٢٠٢١دا ڕووسیا کۆمەڵێك داواکاری ئەمنی خسته بەردەم ئامریکا؛ لەوانەش گەرەنتی ئەندام نەبوونی ئۆکراینا له ناتۆ و کۆکردنەوەی بنکه مووشەکی و سەربازییەکانی ناتۆ له ڕۆژهەڵاتی ئۆرووپادا! داواکارییەك که ئامریکا ڕەتی کردەوە.
ڕووسیا هەنووکه دوژمنی ستراتیژیکی ئامریکا وەکوو شەڕی سارد به ئەژمار نایەت و چاوی ئامریکا زیاتر له سەر وڵاتی چینه تا ڕووسیا. هەر بۆیەش دەستێوەردانی ئامریکا له شەڕی ڕووسیا و ئۆکراینا تا ئێستا تەنیا یارمەتی چەکوچۆڵ، زانیاری و ماڵی بووە.
ڕووسیا خاوەن کولتوورێکی سیاسییه که پێی دەوترێ دۆست گرتنی زۆرەکی، واته له ڕێگەی زۆر و هێزەوە دۆست پەیدا کردن؛ هەربۆیه لەم هێرشەدا به دوای ئەوەوەیه که دیسان ئۆکراینا به دۆست و هاوپەیمانی پێناسه بکاتەوە.
بۆ ئەم مەبەستەش ڕووسیا له ڕێگەی ناوچه نیمچه خودموختارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا که زۆرینەی حەشیمەتیان ڕووسی بوون گوشاری خسته سەر ئۆکراینا و دوای ملنەدانی ئۆکراینا هێرشی سەرانسەری ڕاگەیاند.
ئۆکراینا له بواری ستراتیژیکەوە خاوەن گرنگییەکی زۆره بۆ ڕووسیا و ڕووسیا به هیچ شێوەیەك نایهەوێت ڕادەستی ناتۆی بکات و لەم شەڕەدا ڕووسیا دەیهەوێت ئۆکراینا ڕازی به قەبووڵکردنی خواستەکانی بکات، یا ئۆکراینا به تەواوەتی داگیر بکات که وێدەچێت ئەمه بۆی زۆر ئەستەم بێت، یان بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری ئۆکراینا داگیر بکات و دەستڕاگەیشتنی ئۆکراینا به زەریای ڕەش دابخات تا له کۆتاییدا ناچاری بکات خواستەکانی قەبووڵ بکات و ئەگەر نا ئەو ناوچانه بخاته سەر خاکی ڕووسیا.
ستراتێژی شارستانیەتی ڕۆژاوایی بۆ دەستڕاگرتن به سەر جیهاندا بەمە کۆتایی نایەت و بێگومان ئەسپی ترۆوای ڕۆژاوا هەنووکه له نێو دڵی ڕووسیادا خەریکی چالاکییه و ناڕەزایەتییەکانی نێوخۆی ڕووسیا دژی شەڕ له لایەن لایەنگرانی شارستانیەتی ڕۆژاوادا بوو.
ئەوەی جێی سەرنجه و گرنگه لەم شەڕەدا ئەمەیه که ئەم شەڕه پێشی له دەنگۆی هەڵتەکاندنی یەکیەتیی ئۆرووپا دوای چوونه دەرەوەی بریتانیا لەم یەکیەتییەدا گرت و مەترسی ئەمنی ڕووسیا بۆ سەر ئەم یەکیەتییه دیسان ڕەوایی به بوونی ئەم یەکیەتییه دا و یەکدەنگی و هاودەنگی له نێو ئەندامانیدا ساز کرد.
شەڕی ڕووسیا بۆ پاشەکشەکردن به ناتۆ، یەکیەتیی ئۆرووپا و شارستانیەتی ڕۆژاوا له ئۆرووپای ڕۆژهەڵات و وڵاتانی سلاڤە و ئۆرووپاش بۆ بەهێزکردنی ئەمنیەتی خۆی پێویستی بەم وڵاتانەیه.

# دیلان هەردی:

## هەستیاریی ڕووسیا لێرەدا زیاتر دەبێ کاتێک ئۆکراینا وەکوو بەشێکی دانەبڕاو لە ڕووسیا سەیر دەکرێ، بچێتە بەرەی دژ بە ڕووسیا، واتە یەکیەتیی ئورووپا و ناتۆ، ئەوە بە هیچ شێوەیەک لەلایەن ڕووسیاوە تەحەموول ناکرێت



وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی

لە دۆخێدا کە شەڕ لە ئۆکراینا هەر ڕۆژە تێچووی گیانی و ماڵیی زیاتر بە دوولایەن دەدات «ڤیلادیمیر پووتین» سەرکۆماری ڕووسیا دەڵێت ئەو هێرشە بەپێی بەرنامە دەڕواتە پێش و هەتا وەدیهاتنی داواکارییەکانی درێژەی دەبێت. بەشێکی بەرچاوی داواکارییەکانی ڕووسیا کەم تا زۆر هەتا پێش لەو هێرشە بابەتی ئەمنییەتی پێوەندیدار بەو وڵاتە بەتاییەت نزیکبوونەوەی لە «ناتۆ» بوو.

لەم وتووێژەدا لەگەڵ بەڕێز «دیلان هەردی» نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی ئەم بابەتمان خستووەتە بەرباس کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**-ئایا شەڕ لە ئۆکراینا لەسەرەتادا ئەگەر ڕووسیا نیگەرانییە ئەمنییەتییەکانی تا ڕادەیەک چارەسەر ببا ،ڕووی نەدەدا؟**

نیگەرانییە ئەمنییەکانی ڕووسیا یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی ڕوودانی شەڕە لەگەڵ ئۆکرایناا نەک هەمووی.

فاکتەرەکانی دیکە پەیوەندییان بە پرسی مێژوویی و زمانی و نەتەوەییەوەیە.

ڕووسیا و ئۆکرایناا لە مێژوودا وەکوو یەک نەتەوە و یەک زمان بوونە و لە ڕەوتی ڕووداوە مێژووییەکاندا لێک دابڕاون و ئێستا وەکوو دوو وڵاتی لێک جیایان لێهاتووە. ناوی وڵاتی ڕووسیا پێشتر بە ناوی وڵاتی کییێڤ (پێتەختی ئۆکراینا) بووە و تا ئێستاش کییێڤ بە شێوە زمانی ڕووسی دەنووسرێ.

پرسی ئۆکرایناا لە ڕوانگەی ڕووسەکانەوە وەکوو پرسێکی نەتەوەیی دەبیندرێ و هێرشکردنە سەر ئۆکراینایاش وەکوو ڕزگارکردنی ڕووسەکان و گەڕانەوەیان بۆ نیشتمانی دایک دەبیندرێ. وروژاندنی ئەو پرسەشە کە ڕەوایی زیاتری بە مانەوەی ڤیلادیمیر پوتین لە دەسەڵات داوە و ناوبراو لەلایەن بەشێک لە خەڵکی ڕووسیاوە وەکوو ڕزگاریدەری ڕووسەکانی دەرەوەی سنوور سەیر دەکرێ. ئەو بابەتە لەنێو گوتارەکانی پوتینیشدا دەبیندرێ. بۆ نموونە لە شوێنێکدا دەڵێ: «ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت کارەسات بوو، چونکە ٢٥ میلیۆن ڕووسی لە ڕووسیا جیا کرانەوە». یان لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: «بۆ من چارەنووسی ڕووسەکان لە خاک و سنوور گرنگترە».

هەروەها لەو ڕۆژانەشدا گوتی کە «ئۆکرایناییەکان لە بنەڕەتەوە ڕووسن، بەڵام مێشکیان شۆردراوەتەوە».

هەستیاریی ڕووسیا لێرەدا زیاتر دەبێ کاتێک ئەو ئۆکراینا وەکوو بەشێکی دانەبڕاو لە ڕووسیا سەیر دەکا، بچێتە بەرەی دژ بە ڕووسیا، واتە یەکیەتیی ئورووپا و ناتۆ. ئەوە بە هیچ شێوەیەک لەلایەن ڕووسیاوە تەحەموول ناکرێ. هەر بۆیەش ڕووسیا هەموو ڕێگەیەک بۆ پێشگرتن بەو کارە دەگرێتە بەر. ئەگەر حکوومەتی ئۆکراینا وەکوو پێشوو لە ڕووسیا نزیک بوایە، لەوانەبوو شەڕ ڕووی نەدابا، بەڵام بە گشتی، ڕووسیا سەربەخۆیی و سەروەریی ئۆکرایناییەکانی هەر بە ڕواڵەت قەبووڵ کردووە و پێیوایە دەبێ سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکیی ئۆکراینا لە ژێر هێژمۆنیی ڕووسیادا بێ و تەنانەت ڕۆژێک بگەڕێتەوە باوەشی ڕووسەکان.

**- ئامریکا و وڵاتانی ئورووپایی دەیانتوانی بۆ پێشگرتن لە ڕوودانی ئەو شەڕە چی بکەن؟**

خۆی وڵاتانی ڕۆژاوایی لەو بەڕەیەدان کە ڕووسیا دژ بە خۆی دەزانێ و نایهەوێ ئۆکراینا بچێتە ئەو بەرەیەوە. ئامانجی ڕووسیا هێنانە سەر کاری حکوومەتێکە لە ئۆکراینا کە لە بەرەی ڕووسیادا بێ.

یەکیەتیی ئورووپا و ناتۆ وەکوو جەمسەرێکی گرینگ هەوڵ دەدەن خاک و هێزی خۆیان بەرفراوان بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش ئۆکراینا کە هاوسنووری ڕووسیایە و لەسەر دەریای ڕەش هەڵکەوتووە، گرنگیی زۆری بۆ ناتۆ و ڕۆژاوا هەیە، بۆیە هێندە ئاسان نەبوو کە داواکارییەکانی ڕووسیا بۆ وازهێنان لە ئۆکراینا جێبەجێ بکەن.

لە ڕوانگەی ڕووسیاوە، فراوانبوونی جوگرافیای ناتۆ و یەکیەتیی ئورووپا هەڕەشەیە بۆ سەر ڕووسیا. لە ڕوانگەی یەکیەتیی ئورووپا و ناتۆش، وازهێنان لە ئۆکراینا، بە واتای فراوانبوونی هێژمۆنیی ڕووسیا دێت. هەر دوولا لە تەنیشت بەرژەوەندییەکانی خۆیان متمانەشیان بە یەکتر نییە.

**. ئایا دەوڵەتی ڕووسیا بە شتێکی دیکە جگە لە ڕووخاندنی دەوڵەتی ئێستای ئۆکراینا ڕازی دەبێت؟**

ئەوە لە داهاتوودا زیاتر دەردەکەوێ، بەڵام بە گشتی سێ سێناریۆ هەن: یەکەمیان داگیرکردنی تەواوی ئۆکراینا و لکاندنی بە ڕووسیاوە. بۆ ئەو سێناریۆیە، ڕووسیا پێویستی بە ڕووخاندنی حکوومەتی ئۆکراینایە. دووهەمیان مانەوەی سنوورەکانی ئۆکراینا و هێنانە ئارای حکوومەتێکە لەلایەن ڕووسیاوە کە سیاسەتەکانی لەلایەن ڕووسیاوە دیاری بکرێن و لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی ڕووسیادا بن. بۆ ئەو سێناریۆیەش، ڕووسیا پێویستیی بە ڕووخاندنی حکوومەتی ئێستا و دامەزراندنی حکوومەتێکی دیکتاتۆرە، چونکە هیچ حکوومەتێکی دەستکردی ڕووسیا ناتوانێ لە ڕێگەی هەڵبژاردن و دێموکراسی ڕەوایی وەدەست بێنێت، یان بە ڕوویەکی دیکەوە، حکوومەتێکی دێموکراتیک لە ئۆکراینا وەک ئەوەی ئێستا هەیە، زەحمەتە ملکەچی ڕووسیا بێ و پشت لە دەنگی هاوڵاتییەکانی خۆی بکات .

سێهەم سێناریۆش دابەشکردن یان دابڕینی بەشێکی خاکی ئۆکراینایە کە ئەوەش لەوانەیە ببێتە هۆی شەڕێکی درێژماوە لە نێوان ڕووسیا و ئۆکرایناییەکان بە نوێنەرایەتیی ڕۆژاوا.

لەو حاڵەتەدا لەوانەیە حکوومەتێکی دەستکردی ڕووسیا و حکوومەتی ئێستا بە پشتیوانی ڕۆژاوا، ئۆکراینا دابەش بکەن و ناوە بە ناوە هەندێک ناوچە لە نێوانیاندا لە ڕێگەی شەڕەوە دەستاودەست بکرێن.

**. ئایا ئۆکراینا توانای بەرگری لە خۆی هەیە؟ وڵاتانی ڕۆژاوایی و ناتۆ تا چ کاتێک لەبەرامبەر سیاسەتی مۆسکۆ تەنیا هەڕەشە و گەمارۆ بەکار دێنن؟**

توانای بەرگریی ئۆکراینا یەکسان نییە لەگەڵ توانای هێرشکردنی ڕووسیا. چونکە هەم لە ڕووی چەندایەتی و هەم لە ڕووی چۆنایەتییەوە ڕووسیا چەندقات بەهێزتر دیارە.

دوو فاکتەری سەرەکیی هەن کە بوونەتە هۆی هێواشکردنەوەی هێرشەکانی ڕووسیا و جێبەجێ نەبوونی پلانە نیزامییەکانی ڕووسیا بەو شێوەی دەیویست: فاکتەری یەکەم فاکتەری بەرگریی خەڵکیی ئۆکراینایە کە لە ڕووی دەروونییەوە ورەی بە سوپای ئەو وڵاتەش بەخشیوە، بەتایبەت مانەوەی بەرپرسانی وڵات لە نێو خەڵکدا و هاندانی سوپا و خەڵکی خۆبەخش.

فاکتەری دووهەم، یارمەتیی خێرا و ڕاستەوخۆی وڵاتانی ڕۆژاواییە لە ڕووی کەرەستەی پێشکەوتووی نیزامی و چاودێری و بوارەکانی دیکە، کە ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی لە ڕووی بەرگریی چەکدارانەوە، بەربەست لە بەرامبەر هێزی وشکانی و ئاسمانیی ڕووسیا دروست بکەن.

بۆیەش ڕووسیا ناچار بوو لە جیاتی بەفیڕۆدانی هێزی وشکانی و ئاسمانییەکەی بە دەست ئۆکرایناییەکان، ڕێژەی بۆمبارانی بە مووشەک زیاتر بکات تا ژێرخانە ئابووری و نیزامییەکانی ئۆکراینا بکاتە ئامانج.

سزادانی ئابووری و سیاسیی ڕووسیا لەلایەن وڵاتانی ڕۆژاوایی چەکێکی بەهێزە و هەوڵ دەدرێ تا ئەو جێگەیەی کە بکرێ، لە سزادانی ڕووسیا بەردەوام بن. ئەوان دەیانهەوێ بە شێوەیەکی دیکە ڕووسیا لە بواری سیاسی و ئابوورییەوە وێران بکەن و لە جیهانی دابڕێنن.

تا ئێستا ڕۆژاواییەکان بیانوویەکی بەو شێوەیان دەست نەکەوتبوو کە بە یەکگرتوویی ڕووبەڕووی ڕووسیا ببنەوە و هەوڵی لاوازکردنی بدەن.

هەڵبەت لە تەنیشت ئەوەش چەک دەدەن بە ئۆکراینا، کە ئەوەش ناڕاستەوخۆ بەشداری کردنە لە شەڕ لە دژی ڕووسیا بەڵام ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕووسیا لە پلانی هیچکام لە وڵاتانی ڕۆژاوایی و ناتۆدا نییە.

**. پوتین فەرمانی ئامادەباشی ئەتۆمی داوە و ڕۆژاواش هۆشداریی داوە کە ئەو بڕیارە دۆخەکە مەترسیدارتر دەکات، ئایا ڕۆژاوا لە هەوڵی خۆئامادەکردنی دژەهێرشێکی گەورە دژی ڕوسیایە؟**

ئەوەیکە ڕووسیا پەنای بۆ هەڕەشەی ناوکی بردووە، خۆی نیشانەی ئەوەیە کە لە پلانە سەرەکییەکەیدا تووشی کێشە بووە و لە بەرامبەر یەکگرتنی وڵاتانی ڕۆژاوایی و ناتۆ ترسی لێ نیشتووە.

هەڵبەت ئەگەری ئەوەی کە ڕووسیا ئەو چەکە بە کار بهێنێت زۆر کەمە، چونکە خۆیشی هۆشداریی داوە و دەزانێ کە مەترسیدارە و خۆیشی بە ئاگری ئەو چەکە دەسووتێ.

وڵاتانی ڕۆژاوایی و ناتۆ نایانهەوێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕووسیا بکەونە شەڕ، مەگەر ئەوەی ڕووداوێکی نەخوازراو ڕوو بدات. چونکە دەزانن دەرئەنجامی ئەو شەڕە بۆ هەموو لایەک مەترسیدار دەبێ.


جگە لەوە، وڵاتانی ڕۆژاوایی کە زۆربەیان دێموکراتیکن و سیاسەت و حکوومەت و ئابوورییەکەیان بەستراوەتەوە بە دەنگی خەڵک و ئابووریی خەڵک، وا بە ئاسانی ناتوانن بکەونە شەڕێکی گەورەوە، چونکە کاریگەرییەکانی دوو شەڕی جیهانیی پێشوو تا ئێستاش بە سەر و سیمای وڵاتەکانیانەوە دیارە و دەزانن چ دۆخێک بە هۆی شەڕەوە دێتە ئاراوە.

**. درێژەی ئەو شەڕە هەتا کوێ دەڕوات و لێکەوتەکانی لەسەر جیهان چی دەبێت؟**

ئەگەر ڕووسیا هەروەک خۆی ڕایگەیاندووە کە تا جێبەجێ بوونی پلانەکەی پاشەکشە ناکات و ئۆکرایناییەکان و وڵاتانی ڕۆژاواییش نیازی پاشەکشە و قەبووڵی داواکارییەکانی ڕووسیایان نییە، دەبێتە هۆی درێژەکێشانی شەڕ. لێکەوتەکانی ئەو شەڕە بەرفراوان دەبن، چونکە شەڕەکان و ڕووداوەکانی ڕۆژاوا کاریگەریی ڕاستەوخۆیان بەسەر هەموو جیهاندا هەیە، بە تایبەت لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە. لە ڕووی ئابوورییەوە نرخی کەلوپەلە بنەڕەتییەکان دەچێتە سەرەوە کە ئەوەش کاریگەریی بەسەر پێداویستییەکانی خەڵک لە هەموو جیهان هەیە.

لە ڕووی سیاسیشەوە وەکوو سەردەمی شەڕی سارد لەوانەیە لە درێژماوەدا وڵاتان بەسەر دوو بەرەدا دابەش بن و باڵانسێکی هێز دروست بکەن. ئەوەش دەبێتە هۆی پێشێلکردنی زیاتری یاسا نێودەوڵەتییەکان.

**لێکەوتەکانی ئەو شەڕە بەرفراوان دەبن، چونکە شەڕەکان و ڕووداوەکانی ڕۆژاوا کاریگەریی ڕاستەوخۆیان بەسەر هەموو جیهاندا هەیە، بە تایبەت لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە. لە ڕووی ئابوورییەوە نرخی کەلوپەلە بنەڕەتییەکان دەچێتە سەرەوە کە ئەوەش کاریگەریی بەسەر پێداویستییەکانی خەڵک لە هەموو جیهان هەیە. لە ڕووی سیاسیشەوە وەکوو سەردەمی شەڕی سارد لەوانەیە لە درێژماوەدا وڵاتان بەسەر دوو بەرەدا دابەش بن و باڵانسێکی هێز دروست بکەن. ئەوەش دەبێتە هۆی پێشێلکردنی زیاتری یاسا نێودەوڵەتییەکان**



**. هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا و پێوەندی تاران لەگەڵ کرێملین، وتووێژەکانی بەرجام بەرەو کوێ دەبات؟**

وتووێژ لەسەر بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران هاوکاتە لەگەڵ شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکراینا.

هەم وڵاتانی ڕۆژاوایی و هەم ڕووسیا و چین هەوڵ دەدەن بە خێرایی ڕێککەوتنێک بەرهەم بێنن، چونکە هەردوو لایەن بەتایبەت ڕۆژاواییەکان پێیان وایە ئەگەر بە زوویی ڕێککەوتنێک بەرهەم نەهێنن، لەوانەیە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران لەو دۆخەدا لە کۆنترۆڵیان بچێتە دەر.

ڕۆژاواییەکان پەلەی زیاتریان هەیە، چونکە لەوە دەترسن ئێران بکەوێتە پاڵ ڕووسیا و لە پەنای ئەودا هەوڵی وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی بدات و دژایەتیی ڕۆژاوا بکات.

ئێران لەگەڵ ئەوەشدا کە لایەنگری هێرشی ڕووسیایە، بەڵام هەوڵ دەدات بەتایبەت لە کاتی دانوستاندنەکاندا خۆی بە بێلایەن نیشان بدات تا نەبێتە هۆی تووڕەبوونی لایەنەکان.

بە جۆرێک هەموو لایەنەکان پێیانوایە ئەگەر پەلە نەکەن، لەوانەیە ئایندەیەکی ناڕوون لە چاوەڕوانیی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێراندا بێت.

# ئەدەبیاتی جەنگ

ساماڵ ئەحمەدی



**جەنگ لە بەرهەمی ئەدەبیی کوردیدا وەکوو گۆڕەپانێک بۆ بەرگری لە نیشتمان و نەتەوە و نواندنی ئازایەتی و لەخۆبووردوویی پەسن دەدرێت؛ پاڵەوانی ناو ئەدەبیاتی جەنگ لە دەقی کوردیدا لاواز دەبێت، تووشی نسکۆ و تێکشکان دەبێت، بەڵام هەرگیز گومانی لە دڵ ناگەڕێت**

لەوەتای هەیە گۆڕەپانی ژیانی مرۆڤ لە خەبات و ململانێ و جەنگ بەتاڵ نەبووە و وێش ناچێت کە هەرگیز لەو بابەتانە بەتاڵ بێت، لەبەر ئەوەی کە بە درێژاییی مێژوو گۆڕانی گەورەی کۆمەڵایەتی، هۆکاری جووڵە و وەرچەرخان و داهێنانی نوێ لە فەرهەنگ و زمان و نەریت و باوەڕەکانی مرۆڤدا بووە و جەنگیش یەکێکە لە گۆڕانە هەرە گەورەکان. گۆڕەپانی ئەدەبیات و تەوەرەی سەرەکیی بەشێکی زۆری بەرهەمە ئەدەبییەکانیش، بەتایبەتی ئەدەبیاتی گێڕانەوە، نواندنەوەی ئەو کێشمەکێشە هەمیشەییانەیە و تەنانەت تێمی جەنگ بە درێژاییی مێژوو بەشێکی بەرچاوی ئەدەبیاتی کلاسیکی گەلانی جیهانی تەنیوە و دەتوانین بڵێین ئەدەبیاتی جەنگ لەگەڵ نووسەرانی یەکەمین دەقە ئەدەبییەکان هەبووە.

لەم بارەیەوە ئەگەر بڕوانینە بەرهەمە ئەدەبییەکانی سێ فەرهەنگی سەرەتاییی یۆنانی و ڕۆمی و عیبری کە زۆرترین بەرهەمیان لێ ماوەتەوە، دەبینین جەنگ هێزی زاڵی نێو دەقەکانی ئەو سێ فەرهەنگەیە، لەوانە «ئیلیاد» بەرهەمی هۆمێر، شاعیری کەڤناری یۆنانی و، ئانێئیز، بەرهەمی ڤێرژیل، شاعیری کەڤناری ڕۆمی و... هتد، هەروەها داستانی گلگامێش، کۆنترین داستانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، بەسەرهاتی نەبەردی و داستانی جەنگ لەگەڵ دژمن دەگێڕێتەوە، ئەم داستانە دوای پێنج هەزار ساڵ هێشتا هەر دەخوێندرێتەوە و شرۆڤە و ڕاڤەی جیاوازی لێ دەکرێت.

پڕانیی قەبارەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە ناوەندە ئاکادیمییەکانی جیهاندا لەسەر ئەدەبیاتی جەنگ و ئەدەبیاتی داستانی (حەماسی) و تراژێدی دەکرێت، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێت کە هەتا ئێستا جەنگ کەڵکەڵەیەکی گرنگی مرۆڤە، هەربۆیە ئەدەبیاتی جەنگیش بەردەوام نووسەر و خوێنەری هەیە.

لە زۆربەی فەرهەنگەکانی زاراوەی ئەدەبیدا، ئەدەبیاتی جەنگ بەو جۆرە دەقە پێناسە کراوە کە بە شێوەیەک پەیوەندیی بە بابەتی جەنگ و چەمکە پەیوەندیدارەکانییەوە هەبێت. هەرچەند ئەم پێناسەیە گشتییە، بەڵام هاندەرێکە بۆ ئەوەی توێژەری بوارەکە بە دوای چەمکە پەیوەندیدارەکانی جەنگدا بگەڕێت، بۆ ئەوەی تایبەتمەندییەکانیان دیار بخات.

لەم پێوەندییەدا، ئەو وتار و کتێبانەی لە بواری کۆمەڵناسیی ئەدەبیاتدا نووسراون، ئەدەبیاتی جەنگ بەو بەرهەمە ئەدەبییانە لەقەڵەم دەدەن کە یان دیمەنەکانی جەنگ و ڕووداوەکانی و قوربانییەکانی و نەبەردیی جەنگاوەرەکانی وەسف دەکەن، یان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ نموونەی جەنگ لە چوارچێوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنوێننەوە و لێکەوتە دەروونی و ڕۆحییەکانی جەنگ لە داڕشتنی کەسایەتییەکانی ناو دەقی ئەدەبیدا وێنا دەکەن، وەکوو کۆچی بەکۆمەڵ (کۆڕەو)، وێرانبوونی شارەکان، هاندانی لاوان بۆ ئەوەی بچنە بەرەکانی جەنگ و بەگشتی بابەتەکانی پشتی بەرەی جەنگ، کە ئەم بابەتە زۆر گرنگە و لە زۆر بەرهەمی ئەدەبیدا سەرباری ئەوەی کە دیمەنی جەنگیی تێدا نییە، بەڵام لێکەوتە قورس و کاریگەرەکانی وەها بەسەر کەشی گێڕانەوە و ژیانی کەسایەتییەکانی ناو ئەو دەقەدا زاڵە کە ناشێ بە ئەدەبیاتی جەنگ هەژمار نەکرێت.

ژانری تراژێدی، وەک ژانرێکی دیاری ئەدەبی، لە گووران و سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی جەنگدا زۆر کاریگەر بووە، لە ئەدەبیاتی ڕۆژاواییدا تراژێدینووسانی بەناوبانگی وەکوو سۆفۆکلێس و یوریپیدس و سەنیکای لاو (لە یۆنانی کۆن) و شێکسپییەر لە ڕەوتی داهێنانی ئەدەبیاتی جەنگی هاوچەرخدا، نەک هەر لە ڕۆژاوا، بگرە لە جیهاندا کاریگەرییان هەبووە، لەوبارەیەوە شرۆڤەکاران پێیان وایە کاریگەریی تراژێدیی «ژنانی ترواده» بەرهەمی یوریپیدس و، تراژێدیی «هێنریی پێنجەم» بەرهەمی شێکسپییەر (ڕووداوەکانی پێش و پاش جەنگی ئاگینکۆرت لە ١٤١٥ز بۆ ماوەی سەد ساڵ) لەسەر چۆنیەتیی تێکەڵکردنی مێژوو لەگەڵ ئاکار و تاکتیکەکانی جەنگ لە چوارچێوەی بەرهەمێکی «ئەدەبی گێڕانەوە»دا دیارە.

هەرچەند تەمەنی ئەدەبیاتی نووسراوی کوردی لەچاو تەمەنی پێنج بۆ شەش هەزار ساڵەی ئەدەبیاتی یۆنانی و ڕۆمی و عیبری زۆر کورتە و لە چەند سەد ساڵ تێ ناپەڕێت، بەڵام دەبینین هەم لە کۆنترین دەقەکانی ئەدەبیاتی کوردیدا وەکوو کتێبەکانی ئایینی یاری (یارسانی/کاکەیی) و ئێزدی و بەرهەمەکانی فەقێ تەیران و ئەحمەدی خانی و، هەم لە ئەدەبیاتی زارەکیی کوردیدا وەکوو بەیتەکان - کە زۆرینەیان دەچنە چوارچێوەی ژانری تراژێدییەوە، بە نموونە بەیتی قەڵای دمدم، بەیتی خانزادی سۆران و بەیتی هەمزاغای مەنگوڕ و... — جەنگ لایەنی نیشتمانی، نەتەوەیی، ئایینی، پاڵەوانی و داستانیی هەیە و جەنگاوەر لەپێناو نیشتمان و نەتەوە و بیر و باوەڕیدا بە شێوەیەک دەجەنگێت کە وێنەی تاهەتاییی شەڕی نێوان ڕووناکی و تاریکی، خودا و ئەهریمەن و هەق و ناهەق وێنا دەکات.

جەنگ لە بەرهەمی ئەدەبیی کوردیدا وەکوو گۆڕەپانێک بۆ بەرگری لە نیشتمان و نەتەوە و نواندنی ئازایەتی و لەخۆبووردوویی پەسن دەدرێت؛ پاڵەوانی ناو ئەدەبیاتی جەنگ لە دەقی کوردیدا لاواز دەبێت، تووشی نسکۆ و تێکشکان دەبێت، بەڵام هەرگیز گومانی لە دڵ ناگەڕێت، وەک بڵێی نموونەی وەڕاستگەڕاوی ئەو وتەیەی ئەریستۆ بێت کە لە کتێبی «سیاسەت»ـەکەیدا دەڵێت: «ئەوانەی ناتوانن دلێرانە بەرەنگاری مەترسی ببنەوە، دەبنە دیلی بندەستی هەرکەسێکی هێرش بکاتە سەریان.» ئەریستۆ پێیشی وایە «جەنگ وا لە مرۆڤ دەکات کە دادپەروەر و نەرمئاژۆ بێت.»

لایەنێکی دیکەی ئەدەبیاتی جەنگ لە ئەدەبی کوردیدا «لاشەڕی» و «مرۆڤدۆستی»یە، تەوەرەی سەرەکیی ئەم جۆرە دەقانە بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتین کە تێیاندا کەڵکەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی بەبێ ئەوەی جەنگ ڕەد بکاتەوە، بێمەیلیی خۆی بۆ شەڕ نیشان دەدات و دەڵێت:

لاشەڕم، کوا بەدفەڕم، ئەمما لەسەر
مافی ڕەوام
دەست و چەک، ئیمان و هیوا و
هەستی ئاورینم دەوێ
بۆ نەجاتی ئەم گەلە کۆیلە و هەژار
و بێکەسە
گیانی پاک و بیری تیژ و
ڕێگەناسینم دەوێ

مامۆستا هێمن لەم شێعرەدا خواستنی «بەدفەڕی» بۆ جەنگخواز بەکار دێنێت و خۆی بە لاشەڕ وەسف دەکات؛ واتە ئەو کەسەی کە جەنگ ناخوازێت، بەڵام ئەوە مەرجی هەیە، مەرجەکەش ئەوەیە کە «مافی ڕەوا»ی لێ زەوت نەکرێت، چونکە ئەگەر ئەو مافەی لێ زەوت بکرێت، ئەوە بە ئیمان و هیوا و هەستی ئاورینەوە دەست دەداتە چەک و شەڕ دەکات. لە دێڕی دوای ئەوەشدا دۆخی گەلەکەی بە کۆیلەیی و هەژاری و بێکەسی وەسف دەکات و پێی وایە بۆ ڕزگاریی ئەو گەلە دەبێ ڕێگەناسیی گیانپاک و بیرتیژ هەبێت تاکوو بزانێت ئاخۆ ئەو ڕزگارییە بە جەنگ مەیسەر دەبێت، یان بە لاشەڕی؟

وەکوو لە دێڕەکانی سەرەوەی ئەم یادداشتەدا باسم کرد لە ئەدەبیاتی جەنگدا، ڕەهەندی پاڵەوانییەتی و داستانی، لایەنێکی هەرە گرنگە و سەریەتیی بەسەر هەموو ڕەهەندە ئەدەبییەکانی دیکەی دەقدا هەیە، بەڵام ئەو ڕەهەندی پاڵەوانیەتی و داستانی (حەماسی)یە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە ئەدەبیاتی ڕۆژاوادا لایەنی مرۆڤدۆستیی تێ گەڕا و لەبەر ئەوەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانییش ڕۆژاوا بوو بە جەمسەری هەرە دەسترۆیشتووی دەسەڵات و هێز لە جیهاندا، ئەو ڕوانگەیە ئەدەبیاتی گەلانی دیکەی جیهانیشی خستە ژێر کارتێکەریی خۆیەوە.

دیارە هەر لەژێر ئەو هێژمۆنییە سیاسی و فەرهەنگییەی ڕۆژاوادایە کە مامۆستا هێمن پێی وایە دەبێت لەپێشدا لاشەڕیی خۆی نیشان بدات، بۆ ئەوەی لە لایەنی مرۆڤدۆستییەوە مافی ڕەوای بەرگری بۆ خۆی مسۆگەر بکات و دەست بداتە چەک و لەپێناو مانەوەی خۆیدا بجەنگێت.

ئەدەبیات بەگشتی لەبەر ئەوەی کە لە زماندا دەخولقێت، ئاسۆی خەیاڵی مرۆڤ فرەوان دەکات، فرەوانیی خەیاڵیش مرۆڤ بە لای جوانی و داهێناندا پەلکێش دەکات، لەم ڕوانگەیەوە ئەدەبیاتی جەنگیش بە فرەوانکردنی ئاسۆی خەیاڵی خوێنەرەکانی سەبارەت بە جەنگ و لێکەوتەکانی دەتوانێت ئاسۆی خەیاڵ و بیرکردنەوەیان سەبارەت بە جەنگ فرەوان بکات.

**لەو جەنگەی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرایینادا ئەوە کەناڵە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن ساتبەسات ڕووداوەکان بۆ خەڵکی هەموو جیهان دەگوازنەوە و خەڵکیش وەکوو هەر هەواڵێکی دیکەی ڕۆژانە کە ڕەنگە زیانیان پێ بگەیەنێت، بیری لێ دەکەنەوە، بەڵام گێڕانەوەی هەمان جەنگ، لە ژانری تراژێدی، یان داستان (حەماسە)ی ئەدەبیدا خەیاڵی خوێنەران بە شێوەیەک فرەوان دەکات کە بتوانن خۆیان لەجێی یەک بە یەکی خەڵکی ناو جەرگەی شەڕەکە دابنێن و بۆ نموونە هەست بە فەزیلەتی دەروونیی ئەو سەربازە بکەن کە پێش ئەوەی خوێنی بڕژێت، ڕۆحی پێشکەش بە نیشتمانەکەی کردووە و جەستەیشی کردووەتە قەڵغانی بەرگری لە کەرامەتی خاک و نەتەوەکەی**

چونکە ئەدەبیاتی جەنگ هەر تۆمارکردن و نیشاندانی ڕووداوەکانی جەنگ نییە، ئەگەر وا بوایە بۆ نموونە لەو جەنگەی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرایینادا ئەوە کەناڵە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن ساتبەسات ڕووداوەکان بۆ خەڵکی هەموو جیهان دەگوازنەوە و خەڵکیش وەکوو هەر هەواڵێکی دیکەی ڕۆژانە کە ڕەنگە زیانیان پێ بگەیەنێت، بیری لێ دەکەنەوە، بەڵام گێڕانەوەی هەمان جەنگ، لە ژانری تراژێدی، یان داستان (حەماسە)ی ئەدەبیدا خەیاڵی خوێنەران بە شێوەیەک فرەوان دەکات کە بتوانن خۆیان لەجێی یەک بە یەکی خەڵکی ناو جەرگەی شەڕەکە دابنێن و بۆ نموونە هەست بە فەزیلەتی دەروونیی ئەو سەربازە بکەن کە پێش ئەوەی خوێنی بڕژێت، ڕۆحی پێشکەش بە نیشتمانەکەی کردووە و جەستەیشی کردووەتە قەڵغانی بەرگری لە کەرامەتی خاک و نەتەوەکەی.

ڕەنگە داستان و تراژێدییەکانی ئەدەبیاتی جەنگ هاوزەمان لەگەڵ جەنگەکان نەنووسرابێتن، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ئەو دەقانە کاریگەرییان لەسەر وره و هزری جەنگاوەرانی شەڕەکان بووە، چونکە دەقی ئەدەبی لە زماندا جیهانی تایبەتی مرۆڤانە دەخولقێنێت، بۆیە بۆ نموونە لە سەرەتای سەردەمی مۆدێرنی ئەورووپادا داستانەشێعری «شاژنی پەریان» بەرهەمی ئیدمۆند سپێنسەر بەهۆی فۆرمە تایبەتەکەی و ناوەرۆکە داستانییەکەیەوە کە لە پەسنی «ئیلیزابێتی یەکەم»ی ئینگلیستاندا نووسراوە، هەروەها ڕۆمانی دۆن کیخۆتێ (دۆن کیشۆت)ی میگڵ دێ سێرڤانتس کاریگەریی بەرچاویان لەسەر ئەدەبیاتی جەنگ لە ڕۆژاوا و تەنانەت لە جیهان دانا، بە هەمان شێوە دەقە زارەکییەکانی بەیتە کوردییەکان، بۆ نموونە داستانی بەرگری و تراژێدیی خیانەت لە بەیتی «قەڵای دمدم»دا هەتا ئێستاش مرۆڤی کورد دەباتەوە هەمان گۆڕەپانی نەبەردی و بە جۆش و خرۆشەوە ئامادە دەبێت لەپێناو نیشتمانەکەیدا گیانی بەخت بکات.

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No :818 • 15 March 2022

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

## «ڕۆژنامەی کوردستان» بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٤٠٠ هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران .

### ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

**دەستبەسەرکردنی هاووڵاتییان:**

ڕۆژی شەممە ٣٠ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «لوقمان سەیدە (جۆلا)» خەڵکی شاری پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کرا.

ڕۆژی دووشەممە ٢ی ڕەشەمە، دوو ئەندامی ئەنجومەنی «نۆژین» بە ناوەکانی «پەیام میری» تەمەن ٣٦ ساڵ و «واران (ئەسرا) محەممەدنژاد» تەمەن ٣٠ ساڵ خەڵکی گوندی «تەنگیسەر» و دانیشتووی شاری سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کران.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا هێزە ئەمنییەتییەکان لە شاری کرماشان هێرشیان کردە سەر ماڵی ئەندامانی بنەماڵەی «سوحبەتوڵڵا ئومیدی» لە شاهیدەکانی دادگای نێونەتەوەیی خەڵکیی «خەزەڵوەر» و دەستیان بە پشکنینی ماڵیان و لێپرسینەوە لە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە کردبوو.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢١ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سۆران مەحموودی» تەمەن ٣٠ ساڵ کوڕی «مورتزا»، خەڵکی گوندی «دەرەویان»ـی شاری پاوە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کرا.

**بانگهێشتکردن بۆ ئیتلاعات:**

ڕۆژی دووشەممە ٢ی ڕەشەمە، هێزە ئەمنییەتییەکان بەبێ بەڵگەی یاسایی «گوزەل حاجیزادە» دایکی زەینەب جەلالیان زیندانی سیاسیی کوردیان دەستبەسەر کرد و پاش چەند کاتژمێر لێپرسینەوە، ئازادیان کرد.

ڕۆژی سێشەممە ٣ی ڕەشەمە، بنەماڵەی «کەیۆمەرس لەتیفی» چالاکی مەدەنیی خەڵکی شاری سنە، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە کران و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا.

**دادگاییکردنی هاووڵاتییان:**

ڕۆژی سێشەممە ٣ی ڕەشەمە، کۆبوونەوەی دادگای پێراگەیشتن بە تۆمەتەکانی «جەمال یووسفی و حوسێن ئیبراهیمحەمزە» هاووڵاتییانی بۆکانی، پاش ٥ ساڵ لە نارۆونیی چارەنووسیان لە دادگای ئینقلابی مەهاباد بەڕێوە چوو.

ڕۆژی پێنجشەممە ١٢ی ڕەشەمە، کۆبوونەوەی دادگاییکردنی «ئارام مورادیان» هاووڵاتیی خەڵکی گوندی «تەنگیسەر»ی شاری سنە، لە دادگای ئینقلابی ئەو شارە بەڕێوە چوو. ئەو کۆبوونەوەیە لە لقی ١ی دادگای ئینقلابی سنە بەڕێوە چوو و ئەو هاووڵاتییە بە تۆمەتی «ئەندامبوون و هاوکاریکردن لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران» دادگایی کرابوو.

**ڕەوانەکردنی هاووڵاتییان بۆ زیندان:**

ڕۆژی یەکشەممە ٨ی ڕەشەمە، سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «شەفیع محەممەدنژاد» تەمەن ٤٥ ساڵ و کوڕی محەممەد، «خزر قادری ئازەر» تەمەن ٥١ ساڵ و کوڕی عەبدوڵڵا و «ئیسماعیل محەممەدپوور» تەمەن ٤٨ ساڵ و کوڕی محەممەد خەڵکی شاری پیرانشار، بۆ جێبەجێکردنی ماوەی زیندانییەکەیان ڕەوانەی زیندانی نەغەدە کران.

ڕۆژی یەکشەممە ٨ی ڕەشەمە، سەربازێکی کورد بە ناوی «محەممەدسدیق عەزیزی» کوڕی لوقمان خەڵکی شاری شنۆ لە یەکێک لە گرتنگە ئەمنییەتییەکانی ورمێ، بۆ زیندانی ئەو شارە ڕاگوێزرا.

**مانگرتن لە خواردنی زیندانیی:**

لە ڕۆژی سێشەممە ٣ی ڕەشەمەوە، «محەممەد هوشەنگی» هاووڵاتیی کوردی خەڵکی شاری جوانڕۆ، بەنیسبەت دژایەتیکردنی ئیتلاعاتی سپا لەگەڵ ئازادیی ناوبراو، مانی لە خواردن گرتووە.

**ڕاگواستنی زیندانیی بۆ ژووری تاکەکەسی:**

محەممەد هوشەنگی، زیندانیی کورد لە زیندانی ناوەندیی ورمێ ڕۆژی شەممە ٧ی ڕەشەمە لە چوارەمین ڕۆژی مانگرتنی خۆیدا لە سەر بڕیاری بەرپرسانی زیندان، بۆ ژووری تاکەکەسی ڕاگوێزرا.

**مەحکوومکردنی هاووڵاتییان بە زیندان:**

کامران تەکووک شاعیر و چالاکی مەدەنیی خەڵکی شاری کرماشان، لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە بە دوو ساڵ و چوار مانگ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا. ئەو چالاکە مەدەنییە بە تۆمەتی «پڕوپاگەندە دژی نیزام» بە ساڵێک زیندانی تەعزیری و بە تۆمەتی «بێڕێزی بە ڕێبەری نیزام» بە ١٦ مانگ زیندانی تەعزیزی مەحکووم کرا.

**دوورخرانەوەی هاووڵاتییان بۆ زیندانەکانی ئێران:**

زیندانییەکی سیاسیی کورد بە ناوی «محەممەد مورادی» خەڵکی گوندی «قەبری حوسێن» سەر بە شاری پیرانشار، لەلایەن دادگای ئینقلابی مەهابادەوە بە ١٥ ساڵ دوورخرانەوە بۆ یەکێک لە شارەکانی پارێزگای زەنجان مەحکووم کرا.

**ئیزنی مەرەخەسی بە زیندانیی سیاسی:**

ڕۆژی دووشەممە ٢ی ڕەشەمە، سەلاح شەریفزادە زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی شاری بۆکان، لە زیندانی خەڵخاڵ ئیزنی مەرەخەسیی پێ درا.

**نارۆونی چارەنووسی هاووڵاتییان لە زیندان:**

لە چارەنووسی شەش هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «یووسف عومەرپوور، موراد مامەڕەش، ئەیووب حەدیسی، ڕەحمان خدمەتگوزار، عەلی عومەرپوور و فەریاد شیلان» خەڵکی شاری پیرانشار پاش دەستبەسەرکرانیان، زانیارییەکی ئەوتۆ لەبەر دەستدا نییە.

لە چارەنووسی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «محەممەد سەلیمی» خەڵکی شاری سەقز کە لە ڕۆژی سیشەممە ١٩ی ڕێبەندان لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کراوە، زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە

**جێبەجێکردنی لێدانی قامچی لە زیندانی:**

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا حوکمی لێدانی ٧٠ زەربە قامچی لە زیندانییەکی سیاسیی کورد بە ناوی «چیا ئاقابەیگپوور» خەڵکی گوندی «ڕەحیم خان»ـی شاری بۆکان، لە زیندانی ئەو شارە جێبەجێ کرا.

**کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:**

سەرلەبەیانیی ڕۆژی یەکشەممە ١ی ڕەشەمە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «عەلی دەروێشانفەرد» خەڵکی شاری سەلاسیباوەجانی، بەهۆی جەڵتەی دڵەوە لە سنووری نەوسوود، گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٥ی ڕەشەمە، کۆڵبەرێکی تەمەن ١٨ ساڵ بە ناوی «دانا سالحپوور» خەڵکی شاری بانە لە ڕووباری «تاژەبان» خنکا.

ڕۆژی یەکشەممە ٨ی ڕەشەمە، دوو کۆڵبەر بە ناوەکانی «لایەق ڕەحمانی» و «هوشیار میروەیسی» خەڵکی شاری سەلاسی باوەجانی، بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ بریندار بوون.

کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «محەممەد مەلا وسووی وەردێ» خەڵکی گوندی «وەردێ» دانیشتووی شاری ڕەبەت بەهۆی سەرمابردوویی لە سنووری سەردەشت، گیانی لە دەست دا.

**تەقەکردن لە هاووڵاتییان:**

ئێوارەی ڕۆژی هەینی ٦ی ڕەشەمە، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەعدی پیران» تەمەن ٤٠ ساڵ خەڵکی گوندی «کەریمئاوا»ی شاری بانە، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت کوژرا.

**تەقینەوەی مین:**

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ٢ی ڕەشەمە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ئەرکان مەحموودی» تەمەن ٢٥ ساڵ، کوڕی «بارام» و خەڵکی گوندی «میرعەول»ـی بەخشی باینگانی پاوە، بەهۆی تەقینەوەی مینێک لە بەرزاییەکانی سنووری شووشمێ لە نەوسوود بە سەختی بریندار بوو.

ڕۆژی دووشەممە ٢ی ڕەشەمە، سێ کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی «فواد مێهدیئیبراهیمیان»، «کیانووش ڕەئووفی» و «ئامانج ئیبراهیمپوور» خەڵکی شاری سەردەشت، بەهۆی تەقینەوەی مین لە سنووری «هەنگەژاڵ»ـی بانە، بە سەختی بریندار بوون.

فواد مەهدی ئیبراهیمیان، کۆڵبەری تەمەن ٢٤ ساڵە خەڵکی شاری سەردەشت کە ڕۆژی دووشەممە ٢ی ڕەشەمە، بەهۆی تەقینەوەی مین لە سنووری بانە، بە سەختی بریندار ببوو، لاقی ڕاستی لەو ڕووداوە، لەدەست دا.

**ئێعدامکردنی هاووڵاتییان:**


سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ٤ی ڕەشەمە، حوکمی لە سێدارەدانی زیندانییەک بە ناوی «فەرشاد فەرزی» کوڕی عەلی خەڵکی شاری مەلەکشای ئیلام لە زیندانی ناوەندیی ئیلام جێبەجێ کرا.


**گیانلەدەستدان و برینداربوونی کرێکاران:**

ڕۆژی چوارشەممە ٤ی ڕەشەمە، کرێکارێک بە ناوی «ئومید ڕەحمانی» کوڕی ناسر، خەڵکی گوندی «لۆن» سەر بە شاری کامێران، لە کاتی کارکردن تووشی تەزووی کارەبا بوو و گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٥ی ڕەشەمە، کرێکارێکی کورد بە ناوی «بەهمەن (حەیدەر) یەعقووبی» خەڵکی شاری جوانڕۆ بەهۆی بەربوونەوە لە بینایەکی سێ نهۆمی گیانی لەدەست دا. بەرپرسی شۆرای شاری تیکاب لە وتووێژێکدا لەگەڵ هەواڵدەرییە حکوومەتییەکان، باسی لە قرتاندنی دەستی کرێکارێکی خەڵکی ئەو شارە بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاریی ڕاگواستن بۆ نەخۆشخانە و وەرنەگیرانی لە نەخۆشخانەکانی ورمێ و زەنجان، کرد.











**کوشتنی ژنان لەلایەن بنەماڵەوە:**

ئێوارەی ڕۆژی هەینی ٢٩ی ڕێبەندان، ژنێک بە ناوی «فاتمە سامتی» بە کەرەستەکانی چەقۆ و تەور، لەلایەن مێردەکەیەوە کوژرا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، پاڵنەری ئەم کوشتنە «کێشەی بنەماڵەیی» بووە.